Zanco Journal of Law and Politics
Vol(23), No(39), 2025
ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# (ڕۆڵ و بەشداری ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراق وەک نموونە)*

| |
|---|
| هیفاء علي عبدالباقي |
| بەشی سیستەمە سیاسی وزانستە سیاسییەکان، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق |
| ئیمێڵ: hayfaa609@gmail.com |
| پ. ی. د. شمال حسين مصطفى |
| بەشی سیستەمە سیاسی وزانستە سیاسییەکان، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق |
| ئیمێل: shamal.mustafa@su.edu.krd |

| | | |
|---|---|---|
| وشە کلیلییەکان: | Received: 11/03/2025 | ID No. 3815 |
| ئافرەت، سەرکردایەتیکردن، پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق | Accepted: 27/04/2025 | (PP 40 - 68) |
| | Published: 27/07/2025 | https://doi.org/10.21271/zjlp.23.39.3 |

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ئافرەت وتەنگەژەکانی سەرکردایەتیکردن: ڕۆڵ وبەشداری ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراق)، دەستنیشانکردنی ئەوئاستەنگانەیە کە ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبنەوە لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراق لەدوای ساڵی ٢٠٠٥، و سەرەڕای دەستەبەرکردنی مافی ئافرەت لەپارت وڕێکخراوە سیاسییەکان بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا بەشداری ئافرەت لە پۆستە باڵاکانی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان وەک پێویست نییە وسنووردارە، وپرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیەلە: دیارترین ئاڵنگارییەکان چین کە ڕێگربوونە لەبەردەم ئافرەت بۆ گەیشتن بە پۆستی سەرکردایەتی، و گریمانەی توێژینەوەکە بریتیە لە کۆمەڵگەی کوردی جگەلە زاڵبوونی عەقڵیەتی پیاوسالاری ڕووبەڕووی ئاستەنگی سیاسی وکۆمەڵایەتی یاسایی وئابووری دەبێتەوە، وبۆ ئەم توێژینەوەیە پشت بەستراوە بە ڕێبازەکانی شیکاری ودامەزراوەیی وسیستەم، ولەکۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتە بەچەند دەرئەنجامێک دیارترینیان لە پۆستە باڵا حکومیەکانی هەرێمی کوردستان دا هیچ ئافرەتێک نەیتوانیوە سەرکردایەتی دامەزراوەکان بکات، وهەروەها کۆمەڵگەی کوردی وا دەڕوانێتە ئافرەت کە لاواز وبێ توانان بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی سەرکردایەتی بگرنە ئەستۆ.

---

* توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە ماستەرنامەی قوتابی (هيفاء علي عبدالباقي)، بەناونیشانی (بەشداری سیاسی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان دوای ساڵی ٢٠٠٥(ئالنگاری وچارەسەرییەکان) بەسەرپەرشتی (پ.ی.دشمال حسین مصطفی)، کە پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر دەکرێت.

## پێشەکی

لە سەردەمی ئەمڕۆدا پرسی ئافرەت یەکێکە لە تەنگەژە دیارەکانی بونیادنانی کۆمەڵگە تـازە گەشەسـەندووەکان، سـەرەڕای پێشـکەوتنی کۆمەڵگەکـان لە دانـانی یەکسـانی نێـوان ئـافرەت وپیـاو یەکـێکە لەو بنەمایـانەی کەلەلایەن کـۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام لە ڕووی جێبەجی کردنی پراکتیکیەوە جیاوازییەکی زۆر دەبینرێت.
گرنگی ڕۆڵ بینینی ئافرەت لە پۆستەکانی سەرکردایەتی کردن دا، جێگەی بایەخی زۆربەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانە، لەبەر ئەوەی ئـافرەت بەدرێژایـی مێـژوو ڕۆڵـی هەبـووە هێنـانەدی مـاف وئازادییەکـانی خـۆی ، وهەروەهـا شانبەشـانی پیـاو بەشداربووە لەگشت ئەرکەکانی ڕۆژانە ولەزۆربەی بوارەکان دا هەر لە دروستکردنی خێزان تـا دەگـاتە وەرگرتنـی پۆسـتە باڵاکـان ئەمەش لەسـەر بنەمـای هـاوبەشی کـردن، بەڵام لە ئێسـتا دا لە وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت بەگشـتی ووڵاتە دواکەوتوو وتازە گەشەسەندووەکان ئافرەت کۆت وبەند کراوە لەسەر بنەمای عەقڵیەتی داب ونەریتە دواکەوتووەکان ، کە ڕێگری دەکەن ئافرەت ڕۆڵی سەرکردە بوون بگێرێت بەتایبەت لەو پۆستانەی لە لوتکەی حوکمڕانی دان یـان لەم پۆسـتانەی کە پەیوەستن بە کاروباری سیاسی.
لەدوای دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، قۆناغێکی نوێ لەمێژووی بەشداری کردنی ئافرەت هـاتە کـایەوە وبەشـداربوو لە پرۆسـەی سـیاسی هەرێمـی کوردسـتان، بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا ڕۆڵێکـی گرنـگ وەک پۆسـتی سەرکردایەتی کردن نەدراوەتە ئافرەت لە دامەزراوەکـانی هەرێمـی کوردسـتان دا، وتەنـانەت دەرفەت نەڕەخسـێنراوە تـاکو بەشـداری کـارای هەبێـت لە حکـومڕانێتی دا، ئەمەش دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو کـۆمەڵگەیەی کە تێیـدا هەڵکەوتـووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی زیاتر عەقڵیەتی پیاوسالاری تێدا زاڵترە، بووەتە ڕێگر لەبەردەم بەشداری کردنی ئـافرەت لە سەرکردایەتی کردن دا.

یەکەم:گرنگی توێژینەوە

لێکۆڵینەوەی ئەم توێژینەوەیە چەندین ڕەهەنـدی زانسـتی وپراکتیکـی بەخـۆیەوە دەبینێـت، کە لەڕووی زانسـتیەوە بەرجەستەی ئەو پرسە دەکات کە زۆربەی توێژینەوەکـان لەسـەر پـرسی ئـافرەت وبەسـەرکردەبوون لە پرۆسـەی سیاسی هەرێمی کوردستان گرنگی زۆری پێنەدراوە ، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا هەوڵـدەدەین بە باشـترین شـێوە گەنگەشـە بکەیـن لەسەر پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان، ولە بواری تیۆری و پراکتیکیەوە، وگرنگی ئەم بابەتە ئەوەیە کە بەشێکی زۆری ئافرەتـانی کوردسـتان درکـک بە سـەرکردە بـوون نـاکەن لەپرۆسـەی سـیاسی دا، وپێوویسـتیان بە هۆشـیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنیان هەیە هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەڵساوین بە کۆکردنەوەی داتا وزانیارییەکان بە ئامانجی بۆگەیشتن بە دەرئەنجامەکان و پێشنیارکردنی لەپێنـاو چارەسـەرکردنی دیـاردەی کەمـی ڕۆڵـی سـەرکردایەتی ئـافرەت لەپرۆسـەی سیاسی هەرێمی کوردستان دا ، ودیاریکردنی ئەم بابەتە وەک توێژینەوەیەکی ئەکادیمی وبابەتی کە گونجـاوە لەگەڵ بـابەتی بەشی زاستە سیاسییەکان لەچارەسەرکردنی پرسە گرنگەکان پەیوەست بە کۆمەڵگەی کوردی.

دووەم:گرفتی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک گرفت هەن لەوانە:
١- لە ڕاسـتیدا لە هەرێمـی کوردسـتان دا کێشـەیەکی بـابەتی بـوون هەیە، بەشـێوەیەک کە هەرێمـی کوردسـتان لەنـاو کۆمەڵگەیەکی کۆمەڵایەتی دایە ئەویش لەژێر کاریگەری عێراق وناوچەکە دایە لێرە بەشێوەیەکی گشتی ئـافرەت ناگـاتە نـاو کایە سیاسییە گەورەکان هێشتا ئەو نەریتە نییە کە وەک وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئافرەت لە ناو پۆستە گەورەکان دایە.
٢-هەروەها پرسی ڕێژە لەسەر بەشداری کردنی ئافرەت بۆ وەرگرتنی پۆست وپلەو پایە، ڕەنگە بەهۆی پەیرەوکردنی ڕێژە لە ڕووی تیۆرییەوە ئەم گرفتە تێدەپەڕێنێ، بەڵام کە دێتە سـەر واقـعەوە یـاخود لە ڕووی پـراکتیکیەوە دووبـارە گرفـت بـۆ درووست دەبێت .

**سێیەم:پرسیاری توێژینەوە**

**لەژێر ڕۆشنایی ئەم کێشەی توێژینەوە ئەم پرسیارە دەورژێنێت:**

**1-ئایا ئافرەت لەهەرێمی کوردستان دەتوانێت سەرکردایەتی بکات؟**

**2-ئەو ئالنگاریانە چین کە دەبنە بەربەست لەبەردەم بەشداری ئافرەت لەپرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان؟**

**چوارەم:گریمانەی توێژینەوە:**

**ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات چەند پرسێکی گرنگ وەربگرێت وتاقیان بکاتەوە کە وەک گریمانە دادەنرێت بۆ پرسە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوە کەئەویش لە دوو تەوەر پێکدێت:**

**کۆمەڵگەی کوردی جگەلە هەژمونی عەقڵیەتی پیاوسالاری بگرە بەربەستی سیاسی کۆمەڵایەتی وئابووریشی ـ ڕووبەڕووی دەبێتەوە کە ئەمەش تەنگەژەیەکە بۆ ڕێگری کردن لە ئافرەت لە پرۆسەی سەرکردایەتی وحکومڕانێتی دا ئەمە لەلایەک ، ولەلایەکی تریشەوە، نەبوونی متمانە بە ڕۆڵی ئافرەت بۆ ئەوەی بتوانێت بەشداری کاریگەری هەبێت لە بەسەرکردە بوون دا.**

**پێنجەم:ئامانجی توێژینەوە**

**ئەم توێژینەوە چەندین ئامانجی هەیە کە دەیەوێ لە ڕێگەیەوە پێیان بگات:**

**١- دەستنیشانکردنی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی سەرکردایەتیکردنی ئافرەت لەکایەی سیاسی دا.**

**٢- دیاریکردنی ئەو ئالنگارییانەی کە ڕووبەڕووی ئافرەتانی کۆمەڵگەی کوردی دەبێتەوە لە سەرکردایەتیکردن دا.**

**شەشەم:سنووری توێژینەوە**

**توێژینەوەکەمان لە ڕووی چوارچێوەییەوە دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت:**

**١-شوێن:لەڕووی شوێنگەراییەوە ، ئەم توێژینەوەیەی ئێمە لەسەر هەرێمی کوردستان دوای ساڵی ٢٠٠٥.**

**٢-لەڕووی بابەتییەوە: لە نێو چوارچێوەی زانستە مرۆڤایەتیەکان دا چەندین بابەت هەن کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ودەروونی وسایکۆلۆژی وسیاسیان هەبێت، ویەکێک لەو بابەتانە پرسی ئافرەت وبەسەرکردەبوونە، ولەناو پرۆسەی سیاسیشدا ، بابەتی بەشداری کردنی ئافرەتە لە پۆستەکانی سەرکردایەتی کردن دا، کەواتە ئەمەش دەبێتە چوارچێوەی بابەتی ئێمە، بەو واتایەی ئێمەی تیشک دەخەینە سەر سەرکردایەتیکردنی ئافرەت لەهەرێمی کوردستانی عێراق دوای ساڵی ٢٠٠٥.**

**حەوتەم:ڕێبازی توێژینەوە**

**لە توێژینەوەکەمان دا پشتمان بە چەندین ڕێباز بەستووە ومیتۆدی چۆنایەتی بەکارهێنراوە، بەمشێوەیە:**

**١-ڕێبازی شیکاری-دامەزراوەیی: ئەم ڕێبازە ،گرنگی دەدات بە دامەزراوەکانی ناو کۆمەڵگە ودەوڵەت، ولە ناو ئەو دامەزراوانە وورد دەبێتەوە ودیراسەتیان دەکات، ئێمەش لە توێژینەوەکەمان دا خۆمان خزاندووتە ناو دامەزراوە فەرمی ونافەرمییەکانی دەوڵەت، لەسەر دیاریکردنی ڕێژەی سەرکردایەتی کردنی ئافرەت لەهەرێمی کوردستان دا ، کەواتە هەوێنێکی باش بووە بۆ شیکردنەوە وشرۆڤەکردنی بۆ ئەو حوکانەی کە ئێمە داومانە .**

**٢-ڕێبازی سیستەم: کاتێک گرنگی دەدەین بە بابەتی بەشداری کردنی ئافرەت لە پرۆسەی سەرکردایەتی کردن دا، بێگومان هەڵکشان وداکشانی ئەم پرسە پەیوەستەبە بوون ویان نەبوونی هەندێک فاکتەر وهۆکار، وئەم فاکتەر وهۆکارانە وادەکەن یان بەرزبێتەوەیان نزم بێتەوە، جا فاکتەری نەرێنی بێت یان فاکتەری ئەرێنی، کەواتە ئێمە لێرەدا پێویستمان بە ڕێبازێکی دیاریکراو هەیە کە شرۆڤەکانمان بۆ دەکات ئەویش ڕێبازی سیستەمە، بەو واتایەی کە ئەو فاکتەر وهۆکارانە بوونیان هەیە وەک (Input) هەژمار دەکرێت، ولەولاوە گەر ئەم فاکتەرانە باس بن وەک ئامرازێک خاڵێکی بەهێز بن ئەوا (Output) هەژمار دەکرێت لێرەدا ڕێژەیەکی باشی بەشداری ئافرەتمان بۆ دەردەکەوێت، وپێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، کەواتە خستەڕووی بەستنەوەی دەرئەنجام، لەبەشداری سەرکردایەتی کردنی ئافرەت بەهێزی ئافرەت یان لاوازی بەشداری**

ئافرەت، لەدواجار دا ئەم دەرئەنجامە بە باش وخراپ وبەزۆر وبەکەم پەیوەستەبەکۆمەڵێک فاکتەرەوە، ئەم دەرئەنجامە وەک (Output)ە، ولەولاوە فاکتەرەکان وەک(Input)ە.

هەشتەم:پلانی توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان لە پێشەکی وسێ باس ودەرئەنجام ولیستی سەرچاوەکان پێکدێت، لە بەشی یەکەم دا گفتوگۆ دەکەین لەسەر ئافرەت وسەرکردایەتی کردن کە لە دوو باس پێکهاتووە بە جۆریک ( تەوەرەی یەکەم دا تیشک دەخەینە سەر ناساندنی سەرکردایەتی کردن)، ولە (تەوەرەی دووەم دا گەنگەشە دەکەین لەسەر نموونەکانی سەرکردایەتی کردنی ئافرەت لەجیهان و هەرێمی کوردستان دا )، لەباسی دووەم دا سەرکردایەتی کردنی ئافرەت لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دەخەینەڕوو کەلە دوو تەوەر پێکهاتووە بەشێوەیەک لە (تەوەرەی یەکەم دا تیشک دەخەینە سەر دامەزراوە ناحکومیەکان وەک( پارتە سیاسیەکان ورێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک ڕێکخراوەکانی ئافرەتان، وپێگەی ئافرەت لە میدیا واگەیاندن)، ولە (تەوەرەی دووەم دا شرۆڤە دەکەین لەسەر دامەزراوە حکومیەکان وەک( سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ، سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان) ، وباسی سێیەم دا تایبەت کراوە بەپرسی ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەشداری کردنی ئافرەت لەکایەی سەرکردایەتی کردن دا کە لە چوار تەوەرە بەرجەستە بووە بەشێوەیەک لە (تەوەری یەکەم دا گەنگەشە دەکەین لەسەر ئاڵنگارییە سیاسییەکان) ولە (تەوەرەی دووەم دا گفتوگۆ دەکەین لەسەر ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتیەکان) ولە (تەوەرەی سێیەم دا باسی ئاڵنگاری یاسایی دەکەین، ولەتەوەرەی چوارەم دا گفتوگۆی ئاڵنگارییەکانی تری بەردەم سەرکردایەتی ئافرەت دەکەین).

## باسی یەکەم
## ئافرەت وسەرکردایەتی کردن

لەم باسەدا تاوتوێی ئەو پرسانە دەکەین کە پەیوەستن بە سەرکردەبوون،کەلەدوو تەوەر پێکهاتووە بەمشێوەیە:

### تەوەرەی یەکەم
### ناساندنی سەرکردایەتیکردن

لەڕووی زاراوەییەوە سەرکردایەتیکردن، چەندین پێناسەی جۆراوجۆر خراونەتە ڕوو، کە هەریەکێکیان بەتێڕوانینی خۆی پێناسەی بۆ کردووە، ئێمە لێرەدا تیشکیان دەخەینە سەر:

لە رووی دەستەواژەییەوە وا دەڕوانن کە سەکردایەتی کردن بەمانای: ( توانای کاریگەری کردنە سەر ڕەفتاری ئەوانی تر کە بەرپرسیاریەتی سەرکردایەتی لە ئەستۆ دەگرن، بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجەی کە ڕێککەوتوون لەسەری.[1]

سەرکردایەتی لەڕێگەی دوو ڕوانگەوە پێناسە دەکرێت: (تایبەتمەندی ورەفتار، لێرەدا تایبەتمەندی کۆمەڵێک سیفەتن کە تاک دەکاتە سەرکردە، بەڵام سەبارەت بە ڕەفتار، توانای سەرکردەیە بۆ کاریگەری کردن لەسەر تاکەکان لەڕێگای هەڵسوکەوتی پێوویست بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو).[2]

1-بكر بن محمد بن بكر عابد، الدور القيادي للمرأة وأثره في تعزيز مفهوم الحكمة والوسطية في ضوء القرآن الكريم، المجلة العلمية لكلية القرآن الكريم للقراءات وعلومها بطنطا، العدد الثامن، جامعة الازهر، ٢٠٢٢،ص١١١٤.

2 - Hersey and Blanchard Management of Organizational Behavior: Utilizing Human Resources New Jersey: Prentice-Hall (1982), (Fourth Edition),p234., Griffin, R.W. Management Boston: Houghton Mifflin Company (2002),p5.

زۆربەی تـوێژەران و زانایـان وا دەڕوانـن کە ئـافرەت لەپـێگەی سـەرکردایەتی دا هەوڵ و وەزی زیاتریـان هەیە لەپیـاوان، وهەروەهـا پێیـان وایە کە هـیچ بەڵگەیەکـی یەکـلاکەرەوە نیـیە کە ئافرەتـان لە پیـاوان جیـاوازتر بـن لە ڕووی ڕەفتـاری سـەرکردایەتییەوە.[1]

هەنـدێک لە توێژینەوەکـان ئامـاژە دەدەن بە تایبەتمەنـدییەکانی سـەرکردایەتی کـردن وا دەڕوانـن کە ئـافرەت شـێوازی (دیموکراسی هەرەوەرزی -الديمقراطية التعاوني) پەیڕەو دەکەن کە پشـت دەبەسـتێت بەتوانـای پەیوەنـدی وهاوکـاری لە وەرگرتنی بڕیار دان، لەکاتێکدا پیاوان شێوازی (کارگێری تۆتالیتـاری- الاداري والاسـتبدادي) پەیـڕەو دەکەن لەسـەر بنەمـای قۆرخکاری دەسەڵات وبڕیاردان وتوانای سەپاندنی پابەندبوونە.[2]

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە سـەرکردایەتی لەڕووی سیفەتی پـراکتیکیەوە بـریتیە لە مومارەسـەرکردنی سـەرکردایەتی بـۆ کاریگەری کردن لەسەر کۆمەڵێک لەچوارچێوەی هەڵوێستێکی دیاریکراو وبۆ ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانیان لەپێناو هێنـانەدی ئەو ئامانجـانەی کە دیـاریکراون، لێرەدا ئـافرەت لەکـاتی سـەرکردایەتیکردن دا جۆرێـک هەسـت وسـۆز دەنوێنێـت، بەڵام ڕەگەزی بەرانبەر زیاتر ئارەزووی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی دەکات .

لێرەدا دەتوانیین پێناسەیەک بخەینەڕوو لەسەر ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی ئافرەتی کـورد بەرجەسـتە دەبێـت لە( وریایـی، دانایـی، نیشتمانپەروەری ، هەڵوێسـت، جوامێری ، ئازایەتـی، لـە پێنـاو خـاک ونەتەوە و نیشـتمانەکەی وبەدیهێنـانی مافـی یەکسـانی بۆ ئەوەی بەشدار بێت لەگشت بوارەکان دا (ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتی..هتد)[3].

## تەوەرەی دووەم

## نموونەکانی سەرکردایەتیکردنی ئافرەت لە جیهان وهەرێمی کوردستان دا

ئافرەت ڕۆڵێکـی سـەرەکی دەگێرێـت لە سـەرکردایەتی کـردنی کۆمەڵگەکـان دا، خـاوەن هێزێکـی کـاریگەرن لەگشـت بـوارە جیاجیاکان، وهەروەها ئافرەتان بەشداری دەکەن لە دابینکردنی مۆدێلی سەرکردایەتی داهێنەرانە ئەمەش هـانەدەرێکە بـۆ ڕۆڵ بینیان وکاریگەری درووستکردنیان ، وخۆڕاگری دامەزراوەکان بەهێزدەکات ولەگەڵ گۆڕانکارییەکـان دا دەگونجێنێـت، ولەکەرتی حکومی دا ئافرەت ڕێژەیەکی زۆر لە پۆستەباڵاکان پێکدەهێنن، ئەمەش ڕەنگـدانەوەی گەشەسـەندنێکی بەرچـاوە لەسیاسەتی هەمەچەشنی ونوێنەرایەتی دا.[4]، لێرەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک ئافرەت دەکەین بەمشێوەیە:

## لقی یەکەم

## ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی ئافرەت لەجیهان دا

-بەنازیر ذو الفقار بۆتۆ: لە خێزانێکی سیاسی دا دەرکەوتـوو، کچـی سـەرۆک وەزیـرانی پێشـووی پاکسـتانە(ذوالفقار علی بۆتۆ)، یەکەم ئافرەتە پۆستی سەرکردایەتی وەرگرتووە لە دەوڵەتێکی ئیسلامی دا لەماوەی ساڵانی (١٩٨٨-١٩٩٦)، کە بۆ دوو

1 - Marshall, J. Women Managers: Travelers in a Male World Chichster: John Wiley and Sons Inc, 1984, p.43., Harriman, A. Women/Men/Management Connecticut: Praeger Publishing (1985).Kelley, R. M.; Hale, M. M.; & Burgess, J. Gender and managerial leadership styles: A comparison of Arizona public administrators. Women and Politics, 11, 1991, p. 19-39

2 - Eagly Alice, Johnson Blair, Gender and Leadership Style: A Meta-Analysis, Purdue University, 1990,p.248.

3-جەمیل سەرمەستی، ژنی کورد وپێناسـەی نەتەوەیـی، گۆڤـاری ژنـان( یەکێتـی ژنـانی دیمـوکراتی کوردسـتان)، ژمـارە٥٤، ٢٠٢١،ل٢٥.

4- تعرف على دور المرأة القيادي في المجتمع، موقع جمعية تنمية الفتاة بحلي ، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٢/٢٨:
https://fatahhali.sa/blogs/%D%8AF%D%88%9D%8B1%D%8A%7D%84%9D%85%9D%8B%1D%8A%3D%8A9-

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

جار وەک سەرۆک وەزیران هەڵبژێردرا، یەکەم جار لەساڵی ١٩٨٨ دا بووە سەرۆک وەزیران بۆ ماوەی (٢٠) مانگ بەردەوام بوو، ئەمە لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی گشتی زۆرترین دەنگی بەدەست هێنا بەمەش بووە بچووکترین ئافرەت لەتەمەنی ٣٥ ساڵی دا بووە یەکەم ئافرەت پۆستی سەرۆک وەزیران وەربگرێت، ودووەم جار لەساڵی (١٩٩٣-١٩٩٦) بەردەوام بوو.[1]

-مارگرێت تاتشر: یەکەم سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بوو، ویەکەم ئافرەت بوو لە ئەوروپا ئەم پۆستە وەربگرێت، ویەکەم ئافرەت بوو سەرکردایەتی پارتی پارێزگارانی بەریتانیا بکات، لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٩ -١٩٩٢) لەم پۆستە دا بووە، وهەروەها ناسراوە بە(خانمە ئاسنینەکە)، زۆرترین هەژموونی هەبووە، وتەنانەت بەشداری شەڕی کردووە، سەرکردایەتی شەڕی دژی(ئەرجەنتین ) کردووە لەسەر پرسی دوورگەی(فوکلاند*).[2]، ئەم ئافرەتە بەوە ناسراوە کە بەردەوام بیرورا وبۆچوونی خۆی لەسەر سیاسەتەکانی سەپاندووە، بەجۆرێک وێنای دەکەن کە بەدیکتاتۆریەتێکی نەرم دەناسرێت لەسیاسەتەکانی دا.[3]

-ئەنجێلا مێرکل:ناسراوە بە خانمە ئاسنینەکەی ئەڵمانیا، کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بووە، وبۆ ماوەی(١٦) ساڵ حوکمڕانی ئەڵمانیای کرد، کەلەساڵی ٢٠٠٥ دا پۆستی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا وەرگرت وهەروەها سەرۆکی حزبی دیموکراتی مەسیحی بووە، وکاریگەری زۆری لەسەر سیستەمی نێودەوڵەتی دا هەبووە[4]، وهەروەها یەکێک بوو لە کاریگەرترین ئافرەتانی جیهان.[5]

---

1-شهيرة سلوم، بنازير بوتو: امرأة تهواها السلطة، موقع الاخبار، تاريخ النشر١٧/تشرين الاول/٢٠٠٧، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٢/٢٨:

https://al-akhbar.com/International/182397

2- مارغريت تاتشر،موقع الجزيرة نت، تاريخ النشر٢٠١٤/٩/٢٤، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٢/٢٨:
https://www.aljazeera.net/encyclopedia/24/9/2014/%D%85%9D%8A%7D%8B%1D%8BA%D%8B%1D8%9A%D%8AA-%D%8AA%D%8A%7D%8AA%D%8B%4D%8B1

*(دورگەی فوکلاند):ئەو دورگەیە چەندین ناوی هەیە لەوانە(دورگەی مالوین -دورگەی مالفیناس)ناوچەیەکی ستراتیژی وبازرگانییە، لەساڵی ١٨٣٣ لەلایەن بەریتانیاوە داگیرکراوە، بەڵام لەڕێکەوتی ٤/٧ /١٩٨٢ ئەرجەنتین زۆرترین هێزی ناردە دورگەکە وداگیری کرد، ئەمەش وای کرد بەریتانیاجەنگی دژی ئەرجەنتین ڕاگەیاند بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ ئەوەی دووبارە دورگەی فوکلاند بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ئەوەبوو ئەم شەڕە چەند مانگێک بەردەوام بوو ئەوەبوو لەڕێکەوتی ١٩٨٢/٦/٢٠ کۆتایی بەشەڕەکە هات ودورگەکە لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا مایەوە وئەرجەنتینیش وەدەرنرا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:الحرب النائمة..صرّحت مارغريت تاتشر رئيس وزراء بريطانيا في أبريل عام 1982، حين انتزع الأرجنتينيون جزر "فوكلاند" بأن السؤال الوحيد ليس ما العمل، بل كيف نستعيدها، موقع RT، تاريخ النشر٢٠٢٣/٤/٣، تاريخ الزيارە٢٠٢٥/٤/١٥:

https://arabic.rt.com/world/144887

3-مارغريت تاتشر: "المرأة الحديدية" صاحبة المعجزات السياسية،موقع الحرة، تاريخ النشر٨/ابريل/٢٠١٣، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٢/٢٨:

https://www.alhurra.com/choice-alhurra/08/04/2013

4-محمودمحمد علی، أنجيلا ميركل... هل آن الآوان للمغادرة، جامعة اسيوط، القاهرة، ٢٠٢١، ص.ص٢-٩.

5- المرأة الأكثر نفوذاً عالمياً... كيف ستكون حياة ميركل بعد المستشارية؟، موقع الشرق الاوسط، تاريخ النشر٥/ديسمبر/٢٠٢١، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٢/٢٨:

https://aawsat.com/home/article/3343026

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

-هیلاری رودهام کلینتۆن: وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە لە سەردەمی باراک ئۆباما لەساڵی ٢٠٠٩، کەسایەتیەکی دیاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە سەر بە پارتی دیموکراتەکانە، دیارترین چالاکیەکانی بریتیی بوو لە ڕۆڵی ئافرەت ومافەکانی مرۆڤ، وهەروەها ڕۆڵی کارای هەبووە لە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی ودەستێوەردانی سەربازی لە لیبیا ساڵی ٢٠١١[1]، وهەروەها ڕۆڵی کارای هەبوو لە شەڕی ناوخۆی سووریا کە ئەویش بەپێشکەش کردنی هاوکارییە سەربازی ولۆجستیەکانی هێزە ئۆپۆزسۆنەکانی سووریا ، ئەم ئافرەتە ڕۆڵی بەهێزی هەبووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا تەنانەت کاریگەری هەبووە لەسەر بڕیارەکانی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئافرەتیش هاوشێوەی پیاو توانای هەیە لە پرۆسەی سیاسی دا، وهیلاری لەساڵی ٢٠١٦ دا بەشدار بوو لە کێبرکێی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا .[2]

## لقی دووەم
## ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی ئافرەت لەهەرێمی کوردستان

ئافرەتانی کوردستان لەهەموو خەبات وڕاپەرینەکانی نەتەوەی کوردا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، وبەشێوەی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ بەشدار بوونە، لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دا خۆبەختکردن تەنها پیشەی پیاو نەبووە، بەڵکو هەزاران ئافرەتی کورد لەپێناو خاک ونیشتمانەکەیان دا خۆیان کردۆتە قوربانی، وهەروەها لەلاپەرەکانی مێژووی گەلی کوردا ئافرەت پێگەیەکی دیاری هەبووە.[3]
ئافرەتانی کورد بەهۆی پێگەی جوگرافی ناوچەکە ودابونەریتەکەی هەمیشە شانبەشانی پیاوان لەکارو وبەرێوەبردن وگوزەرانی ژیان بەشداریان هەبووە بگرن ڕۆڵی جوامێرانە لەکاروباری سیاسی دا نواندووە، وهەروەها دەبینین ئافرەت خۆش بەحاڵی خۆی لە خەبات وتێکۆشان دا هیچ دریغیەکی نەکردووە بەڵکو زۆرترین هەوڵی خۆی داوە بۆئەوەی دەنگی بگاتە هەموو جیهان، ئەوەی جێگەی بایەخە دیارترین ئافرەتی کورد (حەپسەخانی نەقیب)ە لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا چەندین نامەی تایبەتی ناردووە بۆ یەکێتی نەتەوەکان لە جنێف کە باسی ئەو ستەم و زۆرداریانە کردووە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد دەکرێت.[4]
لە هەرێمی کوردستان دا ئافرەتانی کورد بەهۆی هەڵومەرجی نالەباری وڵات ونیشتمانەکەیان کاریگەری هەبووە لەسەر هەستی نیشتمان پەروەری ونەتەوایەتی تەنانەت چەندین ڕێکخراو وسەنتەری تایبەت بە ئافرەتان دامەزراندووە، کە بەهۆیەوە چالاکی ئافرەتانی کوردستان بەرەوێشەوە بات، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا بارودۆخی ئافرەت پەیوەست کراوە بە بارودۆخی دواکەوتوویی و ئاستەنگەکانی کۆمەڵایەتی ورۆشنبیری ئابوورییەوە، هەرچەندە سەرکردایەتی کورد پشتگیری لە

---

1- نبذة عن هيلاري كلينتون، موقع BBC عربى، تاريخ النشر٢٠١٢/١٢/٣١، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٢/٢٨:
https://www.bbc.com/arabic/worldnews/121231/12/2012_clinton_profile

2-جيمس د.بويز، صعود هيلارى، موقع الوطن، تاريخ النشر٢٠١٦/١١/٩، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٢/٢٨:
https://www.al-watan.com/article/37893/NEWS

3-سەفەر کریم هاواری، ئافرەتانی کوردستان پێشەنگ لەخەبات وقوربانیدان، گۆڤاری شیکار، ساڵی سێیەم، ژمارە(١١و١٢)، ماڵپەری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٥،ل١١٣.
4-عەدالەت عومەر ساڵح، ئەنفال وئافرەتی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،٢٠٠٢،ل.ل٩٣-٩٤.

ئازادی ئافرەتان کردووە بۆ ئەوەی ئافرەتانیش هاوشێوەی پیاوان بەشدار بن لە کایەی سیاسی دا ورۆڵی خۆیان لە خەباتی کوردایەتی دا ببینن.[1]

**ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە پرسە نیشتمانیەکان دا:**

**-کۆماری کوردستان:** درووستبوونی کۆماری کوردستان نەک تەنها بۆ کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرنگ بوو بەڵکو ببوە جێگەی هیواو وئاواتی تاک بەتاکی کورد لەپارچەکانی تر دا، بەشێکی زۆری کورد لەپارچەکانی ترەوە ڕوویان کردە کۆماری کوردستان وبەشدار بوون تیایدا، ئەو جوڵانەوەیە بۆ هەموو کوردێک ئامانجدار بوو، ویەکێک لە دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان بریتیی بوو لەوەی کە بۆ یەکەم جار ئافرەتانی کورد بەشێوەیەکی فەرمی وئاشکرا هاتنە ناو گۆڕەپانی خەبات، ولەلایەکی ترەوە هەوڵدرا زیاتر ئافرەتی کورد بێنە پێشەوە ئەوە بوو پێشەوا (قازی محەمەد) کە یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان بوو لەساڵی ١٩٤٦ دا ، هانی ئافرەتانی دەدا بۆ ئەوەی بەشدار بن لە ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی دا وبەتایبەتی (خێزان وکچەکەی) بۆ ئەوەی ببنە نموونەیەک بۆئافرەتانی تر، وهەروەها یەکێک لە کارەگرنگەکانی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان بەرجەستەکردنی مافی بەشداری کردنی ئافرەتان لە چالاکیە سیاسییەکان دا، بەمەش بۆیەکەمین جار ( یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان) دامەزرا وای کرد کە ئافرەتانی کورد لەخەباتی سیاسی وکۆمەڵایەتی دا بەشدار بن، وهەرچەندە کۆماری کوردستان هێندە نەخایاند بەڵام ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو کە ئافرەتان شانبەشانی پیاوان بەشداربن لە چالاکی سیاسی دا.[2]

**-شۆڕشی ئەیلول:** لەگەڵ دەستپێکی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولهەلومەرجی ئەوکاتە جیاوازتر بوو بۆ هاتنە ناوەوەی ئافرەتان بۆ بوارە سیاسییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا سەرکردایەتی شۆڕش لەوکاتەدا هەوڵی دەدا ئافرەتی کوردیش بەشدار بێت لە شۆڕشەکەدا، هەر بۆئەم مەبەستە هانی ئافرەتانی کورد دەدرا وپشتگیریان دەکرد وبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداربوون، وهەروەها لە زۆربەی ناوچەکانی شۆڕش دا ئافرەتان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەخزمەتکردنی پێشمەرگە ،وهەروەها پشتگیری مەعنەوی ئافرەتان بۆ پێشمەرگەکان هێزێکی کەم وێنەی هەستی نەتەوەیی بوو، وهەروەها گرنگە ئاماژە بەبابەتێکی گرنگبدرێت لەسەر ڕۆڵی ئافرەتی کورد لەکاتی شۆڕشەکان دا کە ڕۆڵێکی بێ وێنەیان بینیوە لە دابین کردنی پێداویستیە چارەسەرییەکان بۆپێشمەرگە بریندارەکان.[3]

گەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە دەبینین ئافرەتانی کوردستان ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دا، کە لەژیانی سیاسی دا کاراکتەرێکی چالاکیان هەبووە بەمەش بەشانازییەوە ناویان لەمێژوودا تۆمار کراون، لێرەدا جێگەی بایەخە کە ناوبەشێک لەو ئافرەتە ناودارانە بخەینەڕوو کە لە ژیانی سیاسی دا ڕۆڵی کارایان بینیوە کە ئەمانەن( حەپسەخانی نەقیب، عادیلە خانم، لەیلا قاسم، مینا قازی......هتد).[4]

**-کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١:** لە دوای کۆڕەوە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١، پێگە ورۆڵی ئافرەت لەهەرێمی کوردستان تاڕادەیەک کرانەوەیەکی بەخۆیەوەبینی لە پێشکەوتنی ئافرەتانی کورد لەڕووی بەشداری کردنی لەکایەی سیاسی دا، وئەم پێشکەوتنە دەگەڕێتەوەبۆ دەرکەوتنی ڕێکخراوە سیاسییەکان و تیۆری ئافرەتیزم لە هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەوەی پارتە سیاسییەکان ڕۆڵی سەرەکیان بینی بەهۆی ئەو پشتگیری کردن وپاڵپشتیەی کە هانی ئافرەتانی کوردیان دەدا تاکو بەشداری بکەن لە چالاکی سیاسی دا، سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی ئافرەتانی کوردستان ببۆوە بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا ئافرەتانی کورد هەوڵی دا کۆمەڵێک بنەما دابڕێژن پەیوەست بە مافی ئافرەت وئازادیەکەی، وجگە لەمەش ئافرەتانی کوردستان بەشداریان کردووەلەکاری پەرلەمانی دا، وهەروەها لەلایەکی تریشەوە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دا

1- ئاریا ئیبراهیم محەمەد، بەرپرسیاریەتی ئافرەتی کورد لە نێو کۆمەڵگەدا(توێژینەوەیەکی وەسفیە بۆپێگەی ئافرەت لەهەرێمی کوردستان دوای ڕاپەرین١٩٩١-٢٠٠٥)، گۆڤاری شیکار، ساڵی سێیەم، ژمارە(١١و١٢)، چاپخانەی وەزاەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠١٥،ل.١٥٠.

2- سەفەر کریم هاواری، ئافرەتانی کوردستان پێشەنگ لە خەبات وقوربانیدان،سەرچاوەی پێشوو،ل.ل١١٥-١١٦.

3- هەمان سەرچاوە،ل١١٨.

4- هەمان سەرچاوە ،ل.ل١١٥-١١٨.

کۆمەڵێک بڕیار دەرچوون لەسەر پرسی ئافرەت، وئەم بڕیارانەش دوو پرسی لەخۆگرتبوو ئەوانیش( هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری کوشتنی ئافرەت لەژێر ناونیشانی (غسل العار)،و( قەدەغەکردنی فرە ژنی)، وهەروەها دامەزراندنی دامەزراوەی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی توندوتیژی ئافرەتان)، وهەموو ئەو سەرکەوتنانە کرانەوەیەکی فراوانی بەخۆیەوە بینی بۆ ئەوەی ئافرەتان پۆستی سیاسی وەربگرن.[1]

ئەو قۆناغانەی هاندەر بوون بۆ بەرەوپێشبردنی ڕۆڵ وپێگەی ئافرەتانی کوردستان:[2]

قۆناغی یەکەم: درووستبوون (١٩٩١-٢٠٠٠): درووستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان وسەرهەڵدانی ڕێکخراو کۆمەڵەی ئافرەتان کەداوای مافی یەکسانی ئافرەت دەکرد کەهاوشانی پیاوان بن، لەوکاتەدا زیاتر تەرکیزکرابوو لەسەر زیاترکردنی بەشداری ئافرەت لەبواری سیاسی دا.

قۆناغی دووەم:فراوانکردن(٢٠٠١-٢٠١٠):ئەم قۆناغە بەرجەستە دەبێت لە بڵاوکردنەوەی چەمکی ڕۆڵ وتوانا وپێگەی ئافرەت، ئەوەش کەلە پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان دا هاتووە باس لە مافی یەکسانی دەکات لەنێوان ئافرەت وپیاو بەبێ جیاوازی ، ودەرکردنی یاسایەک وەک یاسای هەڵبژاردنەکان ڕێژەیەک دیاری کرا بۆ بەشداری کردنی ئافرەت لە ئەنجوومەنی نوێنەران(پەرلەمان).

قۆناغی سێیەم: یەکخستن(ڕێکخستن)(٢٠١١- تاکوئێستا):لێرەدا چەمکی ڕۆڵ توانای ئافرەت پەرەپێدرا بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵگەیی لەسەر پرسی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز(نێر ومێ) ، کە ئەم قۆناغە ناسراوە بە داواکردنی پرۆگرام ودەرکردنی یاسایەکی چالاک بۆ پرسی بەشداری سیاسی ئافرەت.

ئامانجەکان ڕۆڵی ئافرەتانی کوردستان لەهەرێمی کوردستان ئەمانەن:[3]

١-بەهێزکردنی یەکسانی لەنێوان (ئافرەت-پیاو): خۆی دەبینێتەوە لە بەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان ئافرەتان وپیاوان لەماف وئەرکەکانیان دا بەبێ جیاوازی.

٢-زیادکردنی بەشداری سیاسی: کە ئافرەتانی کورد زیاتر هان بدرێن بۆ وەرگرتنی پۆستی باڵا وەک لەناوەندی درووستکردنی بڕیار.

٣-لەناوبردنی توندوتیژی دژی ئافرەت لە ڕێگەی دەرکردنی یاسا بۆ قەدەغەکردنی توندوتیژی بەگشت شێوەکانیەوە، وبڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە کۆمەڵگە لەسەر پێگەی ئافرەت.

٤-لەناوبردنی نەخوێندەواری: فراوانکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆهاندانی ڕەگەزی مێ لە شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان.

پێمانوایە ئافرەت لەهەر کۆمەڵگەیەک دا ویان لەهەر سیستەمێک دا بێت دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە داڕشتن وجێبەجێکردنی بڕیارەکان، ودەتوانێت مومارەسەی سەرکردایەتی پۆستە باڵاکان بکات لەسەر ئاستی ناوخۆ ودەرەوە دا،ئەم نموونانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە ئافرەت لەسەر ئاستی جیهان ولەهەرێمی کوردستانی عێراق توانایەکی کاریگەری هەیە بتوانێت مومارەسەی ئەرکە سیاسییەکان بکات ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی کۆمەڵگەی ئەم وڵاتانە جیاوازە لە دۆخی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و کوردستان.

1-فخرية على أمين، دور المرأة الكردية السياسى فى المجتمع من١٩٧٠-٢٠٠٣(خانقين انموذجا)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، کۆنفرانسی خانەقین، خول٣، ٢٠١٧، ص.ص٥٧٩-٥٨٠.

2-حميدعبدالله صالح، المعوقات تمكين المرأة في اقليم كوردستان العراق بمنظور الجغرافية السياسية، المجلد ٣١، العدد٢، مجلة جامعة تكريت ، ٢٠٢٤،ص٢٦٨.

3-المصدر نفسه،ص.ص٢٦٨-٢٦٩.

## باسی دووەم

## سەرکردایەتی کردنی ئافرەت لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان

لەم باسەدا تاوتوێی ئەو پرسانە دەکەین کە پەیوەستن بەپرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان ،کە لە سێ تەوەر پێکهاتووە (تەوەرەی یەکەم:دامەزراوە ناحکومیەکـــان وەک پـــارتە سیاســـییەکان ورێکخراوەکـــانی کـــۆمەڵگەی مەدەنی ومیـــدیا وراگەیاندن)، وتەوەرەی دووەم (دامەزراوە حکومیەکان: دامەزراوە فەرمیەکان وەک(سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان) ، بەمشێوەیە:

### تەوەرەی یەکەم

### دامەزراوە ناحکومیەکان وەک

### ( پارتە سیاسیەکان، ورێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک-رێکخراوەکانی ئافرەتان ،میدیا وراگەیاندن)

### لقی یەکەم

### پارتە سیاسییەکان

پارتەکـان بەشـێکی دانەبـڕاوی ژیـانی سـیاسی هـاوچەرخە، وپـارتە سیاسـییەکان یەکـێکە لەو ئـامرازانەی کەکـاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر کارایی سیستەمی سیاسی وگەرەنتیەکە بـۆ سـەقامگیری وئاسایشیـ وبەردەوام بـوونی ورۆڵێکی گرنگی هەیە لە چالاکیەکـانی ژیـانی سـیاسی دا ئەمە لەلایەک ولە پرۆسـەی داڕشـتنی سیاسـەتی گشـتی دا ئەمە لەلایەکـی ترەوە[1].

لێرەدا باسی بەشداری ئافرەت لە سـەرکردایەتی کـردنی پـارتە سیاسییەکانی هەرێمـی کوردسـتان دەکـەیـن ، بەئامـاژە دان بەکۆمەڵێک حزب لەهەرێمی کوردستان لەوانە(پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ،یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان، یەکگرتـووی ئیسلامی کوردستان، وبزوتنەوەی گۆڕان):

یەکەم:پارتی دیموکراتی کوردستان:ئەم پـارتە لەڕێـکەوتی ١٩٤٦/٨/١٦ دامەزراوە، ئەم پـارتە کە بـاس لە بەشـداری کـردنی ئافرەت دەکات لەچوارچێوەی پارتەکەی دا[2]، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ ئافرەتێک نەیتوانیوە پۆستی باڵای ئەم وەربگرێت سەرکردایەتی بکـات، ئەم پـارتە ١٤ کـۆنگرەی ئەنجـام داوە بەڵام پۆسـتی سـەرۆکایەتی پـارتە نەدراوە بە ئـافرەت، بـڕوانە خشتەی ژمارە(١).

دووەم: یەکێتی نیشتمانی کوردستان: ئەم لایەنە لەڕێکەوتی ١٩٧٥/٦/١ دامەزراوە، لەم پـارتە دا بـاس لە بەشـداری کـردنی ئافرەت دەکات لەچوارچێوەی پارتەکەی دا[3]، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ ئافرەتێک نەیتوانیوە پۆستی باڵای ئەم وەربگرێت

1-أحمد ابراهيم -على بن طاهر، مفهوم الأحزاب السياسية ودورها فى عملية رسم السياسة العامة، مجلة ابحاث، المجلد٦،العدد٢، ٢٠٢١،ص٧٩.

2- مێـژووی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان کۆنگرەووکـۆنفرانس (پرۆگـرام وپەیـڕەوی نـاوخۆ)، بەرگـی دووەم، دەسـتەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان ،چاپخانەی ڕۆکسـانا، ٢٠٢١،ل١-١٩. هەروەهـا بـڕوانە: اردلآن حمـە امـین رشـيد الزرداوي، نشأة وعلاقة الحزب الديمقراطي الكردستاني مع الحكومات والاحزاب السياسية العراقيـة للمـدە مـن 1946لغايـة ٢٠٠٣، أطروحة الدكتوراه، قسم العلوم السياسية، جامعة سانت كليمنتس العالمية،٢٠١٢،ص.ص٩-١٣.

3-پرۆگرام وپەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆنگرەی چـوارەم)، چاپخـانەی حەمـدی ،سلێمانی،٢٠٢١،ل٩-١٢٢، هەروەها بڕوانە: ساڵح ژاژڵەیـی، ئایـا یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان لە ئێسـتادا ، شـەریکی دەسـەڵاتەتە ، هـاوبەشی دەسـەڵاتە یـان پاشـکۆی دەسـەڵاتە؟،ماڵپەری کوردسـتان پۆسـت، ڕۆژی بڵاوکـردنەوە٢٠١٧/٣/٢٥، ڕۆژی سـەردانی کـردن ٢٠٢٥/٣/٥:

سەرکردایەتی بکات، ئەم پارتە پێنج کـۆنگرەی ئەنجـام داوە بەڵام پۆسـتی سـەرۆکایەتی پـارتە نەدراوە بە ئـافرەت،بڕوانە خشتەی ژمارە(٢).

سێیەم:یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان: ئەم حزبە لە ساڵی ١٩٩٤ دامەزراوە، ئەم پارتە باوەڕی بەیەکسانی نێوان ئافرەت وپیاو هەیە[1]، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ ئافرەتێک نەیتوانیوە پۆستی باڵای ئەم پارتە وەربگرێت سەرکردایەتی بکات، ئەم پارتە ٨ کۆنگرەی ئەنجام داوە بەڵام پۆستی سەرۆکایەتی پارتە نەدراوە بە ئافرەت، بڕوانە خشتەی ژمارە(٣).

چوارەم:بزوتنەوەی گۆڕان: ئەم بزوتنەوەیە لە لەساڵی ٢٠٠٩ دامەزرا لەم پارتە دا باس لە بەشداری کردنی ئافرەت دەکات لەچوارچێوەی پارتەکەی دا[2] بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ ئافرەتێک نەیتوانیوە پۆستی باڵای ئەم وەربگرێت سەرکردایەتی بکات، ئەم پارتە ٢ کۆنگرەی ئەنجام داوە بەڵام پۆستی سەرۆکایەتی پارتە نەدراوە بە ئافرەت،بڕوانە خشتەی ژمارە(٤).

| کۆنگرەکان | سەرۆک حزب | ڕەگەز | جێگری یەکەم | ڕەگەز | جێگری دووەم | ڕەگەز | سکرتێر | ڕەگەز | کۆی پیاو | کۆی ئافرەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆنگرەی١ | ١ | پیاو | ١ | پیاو | ١ | پیاو | ١ | پیاو | ١٩ | - |
| کۆنگرەی٢ | ١ | پیاو | ١ | پیاو | - | - | - | - | ٨ | - |
| کۆنگرەی٣ | ١ | پیاو | ١ | پیاو | - | - | - | - | ١٣ | - |
| کۆنگرەی٤ | ١ | پیاو | - | - | - | - | ١ | پیاو | ٩ | - |
| کۆنگرەی٥ | ١ | پیاو | - | - | - | - | ١ | پیاو | ١٠ | - |
| کۆنگرەی٦ | ١ | پیاو | - | - | - | - | ١ | پیاو | ١٨ | - |
| کۆنگرەی٧ | ١ | پیاو | - | - | - | - | ١ | پیاو | ١٥ | - |
| کۆنگرەی٨ | ١ | پیاو | - | - | - | - | ١ | پیاو | ٢١ | - |
| کۆنگرەی٩ | ١ | پیاو | - | - | - | - | ١ | پیاو | ٢٢ | - |
| کۆنگرەی١٠ | ١ | پیاو | - | - | - | - | ١ | پیاو | ٢٢ | - |
| کۆنگرەی١١ | ١ | پیاو | - | - | - | - | ١ | پیاو | ٣٢ | - |
| کۆنگرەی١٢ | ١ | پیاو | - | - | - | - | ١ | پیاو | ٣٣ | ١ |
| کۆنگرەی١٣ | ١ | پیاو | ١ | پیاو | - | - | ١ | پیاو | ٥٤ | ٦ |
| کۆنگرەی١٤ | ١ | پیاو | ١ | پیاو | ١ | پیاو | - | - | ٤٧ | ٨ |

ئامادەکردنی توێژەر: خشتەی ژمارە(١) بەشداری ئافرەت لەسەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان

---

https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=

1- مسـعود عبـدالخالق، ناسنامەی حـزبە کوردسـتانییەکان(ڕەوتیان-ئایـدۆلۆژیان-هەڵسـەنگاندنیان)، چاپخـانەی هێڤـی، هەولێر،٢٠٠٩،ل٣٤٧، هەروەها بڕوانە: دەربارەی یەکگرتوو،ماڵپەری فەرمی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/٣/٣١:

https://www.yakgrtw.net/y/100

2- دەسـتووری نـاوخۆی بـزوتنەوەی گۆران(پەسـەنکراوی کـۆنگرەی یەکەم)،هەولێـر،٢٦-٢٠١٣/١٢/٢٧، وەهەروەهـا بـڕوانە: دەستوری ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان(پەسەندکراوی دوهەمین کۆنفرانسی نیشتمانی بزوتنەوەی گۆڕان)، (سلێمانی - ٢٠٢٤)، وەهەروەهـا چـاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوەنـد بکـر علی(ئەنـدامی ژووری هەڵبـژاردنی بـزوتنەوەی گـۆران)، ڕۆژی سێشـەممە ،ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١/٢١، کات١١:٠٠بەیانی.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

| کۆنگرەکان | سکرتێری گشتی (سەرۆک) | ڕەگەز | جێگری یەکەم | ڕەگەز | جێگری دووەم | ڕەگەز | هاوسەرۆکی حزب (نێر-مێ) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆنگرەی یەکەم | ١ | پیاو | ١ | پیاو | ١ | پیاو | - |
| کۆنگرەی دووەم | ١ | پیاو | ١ | پیاو | ١ | پیاو | - |
| کۆنگرەی سێیەم | ١ | پیاو | ١ | پیاو | ١ | پیاو | - |
| کۆنگرەی چوارەم | - | - | - | - | - | - | ٢(پیاو) |
| کۆنگرەی پێنجەم | ١ | پیاو | - | - | - | - | - |

**ئامادەکردنی توێژەر: خشتەی ژمارە(٢) بەشداری ئافرەت لەسەرکردایەتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان**

| کۆنگرەکان | ئەمینداری گشتی | ڕەگەز | جێگری ئەمیندار | ڕەگەز |
|---|---|---|---|---|
| کۆنگرەی ١٩٩٤ | ١ | پیاو | ١ | پیاو |
| کۆنگرەی ١٩٩٦ | 1 | پیاو | - | - |
| کۆنگرەی١٩٩٩ | ١ | پیاو | - | - |
| کۆنگرەی٢٠٠٥ | ١ | پیاو | - | - |
| کۆنگرەی٢٠٠٨ | ١ | پیاو | - | - |
| کۆنگرەی٢٠١٢ | ١ | پیاو | - | - |
| کۆنگرەی٢٠١٦ | ١ | پیاو | - | - |
| کۆنگرەی٢٠١٩ | ١ | پیاو | - | - |

**ئامادەکردنی توێژەر: خشتەی ژمارە(٣) بەشداری ئافرەت لەسەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**

| کۆنفرانسەکان | ڕێکخەری گشتی | ڕەگەز | جێگری گشتی | ڕەگەز |
|---|---|---|---|---|
| کۆنفرانسی ٢٠١٣ | ١ | پیاو | ١ | پیاو |
| کۆنفرانسی ٢٠٢٤ | ١ | پیاو | ١ | پیاو |

**ئامادەکردنی توێژەر: خشتەی ژمارە(٤) بەشداری ئافرەت لەسەرکردایەتی بزوتنەوەی گۆڕان**

لە کۆتاییدا دەتوانیین بڵێین کە ڕێژەی سەرکردایەتیکردنی ئافرەت لە گشت پارتە سیاسیەکان دا ولەچوارچێوەی دەرەنجامی ئەو کۆنگرانەی ئەنجامیان دراوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بە هیچ شێوەیەک ئافرەتیک نەیوانیوە ڕۆڵی هەبێت لەپرۆسەی سەرکردایەتیکردن دا وەک لە پۆستی( سەرۆک، یان جێگری سەرۆک لە حزبەکاندا)، واتە ڕێژەیان( 0%) (لە سەدا سفر) بووە لەو نێوەندەدا بەرامبەر بە( 100% ) (لە سەدا سەد )ڕێژەی پیاوان، هۆکاری ئەمەیش پەیوەستە بە خودی سیاسەت و ئەقڵییەتی باوی حوکمڕانیی سەکردەی حزبە سیاسییەکان، ئەو واقعە، تێڕوانین و پەیام و دید و ڕەفتاری سەرکردە و بڕیاردەرانی حزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو، کە تێروانینێکە ئەوەندەی ڕواڵەتکارانەیە بۆ ئافرەتان، هێندە لە دیدێکی تەواوی باوەڕبوونیانەوە نییە بە توانا و گرنگیی بەشداربوونی ئافرەتان.

## لقی دووەم

## ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێکخراوەکانی ئافرەتان)

بەشێکی زۆری ئەم ڕێکخراوانە لەپێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ ودوای ڕاپەرینیش ڕۆڵی باشیان هەبووە کە بەپێی بارودۆخی وهەلومەرجی قۆناغەکان گونجاوە، بەتایبەت ئەو ڕێکخراوانەی پەیوەندی بە ئافرەتان، بێگومان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی باڵایان هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئافرەتان لەسەر پرسی مافی مرۆڤ وداواکردنی مافەکانی، و بەهێزکردنی توانای ئافرەتان لە کارکردن لەپێناو هێنانەدی یەکسانی ورزگار بوون لەفشارە کلاسیکیەکانی کۆمەڵگەی دواکەوتوویی، وکۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی هەبووە لە پاراستنی مافی ئافرەت وبەرگری کردنی لە مافەکانی وکارکردن لەسەر بەدیهێنانی یەکسانی، ڕێکخراوی زۆرمان هەیە پەیوەستن بە ئافرەتانی کوردستان، کە ئەمانەن:

یەکەم:کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد: لە ساڵی ١٩٣٠ بەدواوە ناو و پێگە و هەندێک لە کاریگەری ئەو پێگە سیاسییانەی ئافرەتان دەرکەوت و مێژوو تۆماری کردن. نمونەیەک لەو ئافرەتانەی ئەو ڕۆژانە حەپسەخانی نەقیب( ١٨٩١-١٩٥٣) بوو. لە ١٩٤٧ حەپسەخانی نەقیب "کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردی" دامەزراند و هانی خوێندنی کچانی دەدا و لە کاتی تەنگژەی سیاسیدا نامەی بۆ بەرپرسان و ناوەندەکانی بڕیاری جیهان دەنووسی[1]، بەڵام پێش دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیەش حەپسەخان چالاکی سیاسی زۆری هەبووە، ئەو نامەیەی لە ساڵی ١٩٣٠ دا بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکانی نووسی و نارد، بە یاداشتێکی مێژوویی و گرنگ دادەنرێت، خەباتی (حەپسەخانی نەقیب) لە چوارچێوەی خەباتی نەتەوایەتیدا بووە، نەک ئافرەتیستانە بێت، هۆشیاری سیاسی هەبووە و تەنانەت هەوڵی داوە بە یاداشت و نامە بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان، داوای مافەکانی کورد بکەن.[2]

دووەم:دامەزراندنی کۆمەڵەی مافی ئافرەتان:لە ساڵی ١٩٥٢دا ڕێکخراوێکی ژنان دروست بووە، کە بەشێک بووە لە حیزبی شیوعی عێراق. پارتی دیموکراتی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستاندا لەو دەمەدا تاقە پارتێکی سیاسی نەبووە، لەپاڵ ئەودا و لە پێش ئەودا لقی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق کە لە ساڵی ١٩٤٥ دا لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبی شیوعی عێراقدا بڕیاری دامەزراندنی دراوە، هاوکات لە گۆڕەپانی تێکۆشاندا بووە. بەهۆی ئەوەشەوە کە سەر بە حیزبە کۆمۆنیستەکانی یەکێتی سۆڤیەت بووە و هاوکاری ماددی و ئەزموونی تیۆری لەوانەوە وەرگرتووە و حیزبێکی سیکۆلار بووە، هەوڵی داوە کۆمەڵ بە ئاراستەی پێشکەوتندا ببات و لە پرسی یەکسانی و مافەکانی ژنانیشدا حیزبی شیوعی دەستپێشخەر و کارا و کاریگەر بووە[3] .

سێیەم:یەکێتی ئافرەتانی کوردستان: بە ڕێکخراوێکی جەماوەری مەدەنی دیموکراتی ئافرەتانی کوردستان دەناسێنرێت، ئامانجی داکۆکی کردنە لە مافەکانی ئافرەتان وبەرزکردنەوەی ئاستی توانیان لە بوارە جیاجیاکان دا ، ئەم ڕێکخراوە لە (١١ی١٢ی ١٩٥٢) دامەزراوە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە، دروشمەکانی ئەم ڕێکخراوە بەرجەستە دەبێت لەسەر

---

1- مەهاباد قەرەداغی، ئافرەتیزم مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان(١٩١٨-٢٠١٨)،چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٨،ص٦١.

2- - مەهاباد قەرەداغی، ئافرەتیزم مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان(١٩١٨-٢٠١٨)، سەرچاوەی پێشوو ،سەرچاوەی پێشوو،ص٦١.

3-هەمان سەرچاوە ،ل٦٣.

بنیاتنانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای یەکسانی ، وهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەسەر پرسی مافی ئافرەت وجەخت دەکاتە سەر یەکسانی نێوان ئافرەت وپیاو لە ئەرک وماف دا.[1]

چوارەم:یەکێتی ژنانی کوردستان: ڕێکخراوێکی جەماوەری دیموکراتی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، بەبێ جیاوازی نەتەوەیی وئایینی گشت ئافرەتانی کوردستان لەخۆ دەگرێت، لە (١٣ی ١١ی ١٩٨٩) دامەزراوە، ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوە داننانە بە مافەکانی ئافرەت بەشێوەی یەکسان لەگەڵ پیاوان، ودانانی دەستورێک لەسەر بنەمای یەکسانی ڕەگەزی وبەگژداچوونەوەی ئەوداب ونەریتانەی کە بەهای ئافرەت کەم دەکەنەوە.[2]

پێنجەم:یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستانڕێکخراوێکی جەماوەری ئافرەتانە، ئەم ڕێکخراوە سەر بە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە، و لەڕوانگەیەکی ئیسلامیانەی هاوچەرخ تێدەکۆشێت، ئەم ڕێکخراوە لە (٢٦ی ١٠ی١٩٩٤) دامەزراوە، ئامانجەکانی بەرجەستە دەبێت لە خوێندنەوەی نوێ بۆ دەقە شەرعیەکانی پەیوەست بە ئافرەتان کەلەقورئان وسونەت دا هاتووە .[3]

دەبینین لە زۆربەی ئەو ڕێکخراوانەدا تیشکیان خستۆتە سەر بنەمای یەکسانی ومافی ئافرەت وڕێزگرتنی لەمافی ئافرەت وبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە لەسەر ئافرەت وداکۆکی کردن لەسەر ڕۆڵی ئافرەت لەکایەی سیاسی دا، بەڵام دەبێت لێرەدا کۆمەڵێک بابەت ڕوون بکەینەوە لەسەر ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوانە لەسەر پرسی ئافرەت، جۆرێک لە تێکەڵاوی لەکارکردنی ئەم ڕێکخراوانە دا هەیە لەسەر مافەکانی ئافرەت لەهەرێمی کوردستان، ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەم ڕێکخراوانە سەربەخۆ ناتوانن کاربکەن بەڵکو کەوتونەتە ژێر کاریگەری پارتە سیاسییەکان، جگەلەمەش دەبینین خاوەن دارایی وبەرنامە و ئەجێندای سەربەخۆ نییە، وکەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیای پارتەکان، گەر سەرنجێک بدەین دەبینین لە بەکارهێنانی ووشەی (مێ) بەشێوازی جیاجیا بەکارهێنراوە کە ڕەنگدانەوەی بریاری پیاوسالاری پارتە سیاسییەکانە، ووشەی ئافرەت لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەکارهێنراوە کەچی ووشەی ژن لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بەکارهێنراوە وهەروەها ووشەی خوشکان لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە بەکارهێنراوە، ئەمەش وای کردووە وابەستەی پلان وئەجێنداکانی پارتە سیاسییەکان بن هەربۆیە ناتوانن خۆیان بڕیاری یەکلاکەرەوە بدەن لەسەر ماف و داواکارییەکانی ئافرەتان، بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا ئەم ڕێکخراوانە بەشێک لە مافی ئافرەتانیان دەستەبەرکردووە لەوانە(نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەت ونەهێشتنی نەخوێندەواری.....هتد).

## لقی سێیەم
## ئافرەت لەناو میدیا وڕاگەیاندن

لەگەڵ سەرهەڵدانی میدیا وڕاگەیاندن لەناو جیهانی گشتی دا کاریگەری هەبوو لەسەر دروستکردنی گۆرانکاری بوارەکانی ژیان بەتایبەتیش تێکەڵاوبوونی جیهان وبەستنەوەی کۆمەڵگەکان بەیەکاری ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بە ئەرێنی دادەنرێت، وبەهۆی پێشکەوتنی ئامێری چاپ وئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن زیاتر گرنگی درا بە بوارەکانی میدیا ودجیهانی ڕاگەیاندن، ومیدیا وڕاگەیاندن بەگۆرەپانێکی فراوان وگەورە دادەنرێت بۆ پۆسی داکۆکیکردن لەپرسی ئافرەتان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئەندامانی کۆمەڵگە بەئافرەت، وکاتێک باسی ڕاگەیاندن یان میدیا دەکرێت تەنیا بوارێک ناگرێتەوە، بەڵکو چەندین بوار دەگرێتەوە وەک(ڕادیۆ- ئاژانس-سینەما شانۆ-تەلەفزیۆن -ڕۆژنامەگەری)، ومیدیا وڕاگەیاندنی کوردی دابەش

1-ماددەی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە کۆنگرەی حەوتەمی ساڵی ٢٠١٠.

2-شهلە صالح عبداللە، ڕۆڵی فیمینیزم لە بەشداری سیاسی ژنان لەهەرێمی کوردستان-عێراق، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، وانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،٢٠١٦، ل٧٦.

3- هەمان سەرچاوە ،ل٧٧.

بووه بۆ دوو لایەن ئەوانیش( میدیای حزبی -تایبەتە بە کۆمەڵێک خەڵک)، بەڵام( میدیای گشتی- تایبەتە بەهەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە)، لێرەدا ئافرەت بێ بەش نەبووە لەم بوارانەدا ورۆڵی کاریگەری ئەوتۆی هەبووە.[1]

دەرکەوتنی ئافرەت لەناو میدیا وراگەیاندن دا زۆر کەم دەبینرا، ئەمەش پەیوەندی بەداب ونەریتی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەبوو دیارتریش هۆکار بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی پیاوسالارییەوە هەبووە، ولێکدانەوەی خەڵک لەسەر بەشداری کردنی ئافرەت لەبوارەکانی راگەیاندن دا بەربەستی کۆمەڵایەتی خوڵقاندووە ، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ بیرکردنەوەی پیاو ، رویگری کردن لە بەشداری کردنی ئافرەتانی کورد لە نێو مێژووی رۆنامەگەری میدیاگەری کوردییەوە هەر لەساڵی ١٨٩٨ تاکو ئێستا، میدیاکان لەهەرێمی کوردستان لەسەرەتاوە بایەخێکی ئەوتۆیان بە بەشداری ئافرەت نەداوە زۆر بەدەگمەن ئەمپرسە لەکەناڵەکانی راگەیاندندا بەسەر دەکرایەوە، راستە لەدواییدا وای لێهات دەیان ئافرەتی کورد لەسەرجەم کەناڵەکانی راگەیاندن دا جێی پەنجەی رۆژنامەوانیان لەزۆربەی بوارەکان دا دەرکەوتووە، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی مافی ئتفرەت لەم بوارانەدا لە ئاست وخواستەکانی ئافرەتان دا نییە.[2]

ئازادی و پێشکەوتنی هەر میللەت و نیشتمانێك بەستراوە بەئازادی و پێشکەوتنی ئافرەتەوە ، ئافرەت واتا مرۆڤ، دایك، هاورێ، هاوژین ودیوەکەی تری بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤایەتییە بەشێوازە دروستەکەی، بەهۆی مێژووی کورتی راگەیاندنی کوردی لە چاو مێژووی راگەیاندنی وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە، ئەزموونی کەمتر لەو بوارەدا و رێژەیکەمتری ئافرەتانی راگەیەندکار، هەندێك ئەرکی ئافرەتانی قورستر کردووە. دیارە لە سەرووی هەموویانەوە کۆمەڵێك دابونەریت لەکۆمەڵگەکەماندا هەن کە بوونەتە کۆسپ و لەمپەر لە بەردەم گەشەی ژناندا، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم دیسانەوە ئەوانەی باسم کردن ناتوانێ بەتەواوی پێش بە پێشکەوتنی ئافرەتان بگرێت، ئەگەر ئافرەتان بۆ خۆیان ئیرادەیان هەبێ و بیانەوێت، هاتنە پێشەوەی ئافرەتانی میدیاکار لە کەناڵەکانی راگەیاندن بەگشتی و بینراو بە تایبەتی، لەم ساڵانەی دواییدا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر زەمینەی و توێژی زیاتری هێنایەبوون، هێشتا ئەمەش لە ئاست پێویستی نییە، ئەم ئازادییە گەر باگڕاوندی مێژوویی نەبوایە،ئافرەتی کورد وەها نەدەهاتە مەیدان و شان بەشانی پیاو نەدەجەنگا، بۆیە هەر خێزانێك هەناسەی ئازادی ژنێکی تێدا بێت ئەو خێزانەکامەرانی و شادی و گەش و نمای پێوە دیارە، میدیا دەستەیەك کاراکتەری بەهێزە لە کۆمەڵگە،، دەزگا راگەیاندنەکان، بە نووسراو و بینراو و بیستراو یاخود پلاتفۆرمەکانی ئینتەرنێتی توانای ئاگادارکردنەوە و رەخساندنی بوار بۆ دیبەیت وتاوتوێ. بۆیە رۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە پرۆسەی فەرمانرەوایەتی و دروستکردنی ئایدیۆلۆژیا و کەلتوور بۆ بریاردان. بەهەمان شێوە، میدیادەتوانێت رۆڵێکی کارای هەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی و گۆرینی بۆچوونی خەڵك دەربارەی رۆڵی جێندەر و بیرۆکەیشەرەف، بەجۆرێك، میدیا دەسەڵاتی چوارەم پێك دەهێنێت. چۆنیەتی بەکارخستنی (بەگەرخستنی) ئەم دەسەڵاتە گرنگی زۆری هەیە بۆتێگەیشتن لەو سنوور و لەمپەرانەی کە خراونەتە بەردەم تێکۆشانی ئافرەتی کورد بۆ ئازادی و یەکسانی جێندەری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هەرچەندە لە بواری میدیادا رۆڵی ئافرەتان دەبینرێت،[3] بەڵام وەك پێویست نییە، ئەمەش لەبەر زاڵبوونی فیکری پیاو سالاری و بیرکردنەوەیەکی دۆگما بەجۆرێك وێنای ئافرەت دەکات، دەبێت ئافرەت خزمەتکار و کۆیلە بێت و نابێت بیر کردنەوەکانی بە شێوەیەکی کرداری دەربڕێت و دەنگی رەوای ماف خوراوی خۆی بگەیەنێتە هەموو شوێنێک گەل هۆشیار بکاتەوە لە توانای هزرییەکانی خۆیی و تێیان بگەیەنێت.

---

1-د.شەونم یەحیا، ستراتیژیەتی مەسەلەی ئافرەت لەچوارچێوەی رێکخراوەیی دا، گۆڤاری شیکار،ساڵی پێنجەم،ژمارە(١٧-١٨)، ٢٠١٧،ل٣٥-٣٦.

2- .هەمان سەرچاوە ، ل٣٩.

3- تەرزە محەمەد، پێگەی ئافرەت لەناوەندەکانی میدیا دا، ماڵپەری سەنتەری میترۆ، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٢/٩/١٢، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٢/٤/٢:

737ht t ps: / / www. met roo. org/ drej aWt ar. aspx?NusarI D= 1243&J ma re =

کاری میدیایش وەك هەر کارێکیتر خزمەتکردنە بە هاونیشـتیمانیان و هۆشـیار کـردنەوەی کۆمەڵگـای کـوردیە لە شـکاندنی چەقبەسـتویی فیکـری پیاوسـالاری و ناکرێـت بە پاسـاوی نـاڕەوا و نەشـیاو بـۆ شـکانی کەسـایەتی ژنـان لە کـاری میـدیای بەربەسـتێکی پـۆڵاین دابنرێـت لە نێـوان ژن ومیـدیادا.، لە هەرێمـی کوردسـتان سـەرجەمی گرفتەکـانی ئافرەتـان میـدیاکار کەساڵانێکی زۆرە لەهەمان چوارچێوەیەدا دەخولێنەوە، بەبێ گەشتنبەچارەسەرێکی بنەڕەتـی یەکلاکـرەوە بـۆ کۆتاهێنـان بە نەهامەتییەکانیان. ئەگەر بەووردی شیکردنەوەی بۆ بکەین، زۆر بەڕوونـی دەردەکەوێـت سـەرجەمیان لەئەنجـامی نەبـوونی هاوسەنگی جیندەری، باڵادەستی پیاوانە لەناو دەزگا میدیاییەکاندا، بەشێوازێك کە بەشی هەرە زۆریجومگە هەسـتیارەکانی میـدیا لەژوورەکـانی هەواڵ، بریـاردان و هیکەلییەتـی ئیـداریی لەژێـر کـۆنترۆڵی پیاوانـدان، هەر ئەوەشـە وایکـردووە هیچبوارێکی فیعلی بۆ پێگەو دەنگی راستەقینەی ژن بوونی نەبێت یاخود ئەگەر هەشبێت شێوازێکی ڕووکەشـییە، وئەمـڕۆ ئەوەی پێویستە ئافرەتانی میدیاکار کاری لەسەر بکەن، هەنگاوەکانیشیان لەچوارچێوەیدا چڕتر بکەنەوە بـوونی شۆرشـێکی ژنانە ودیدێکی فیمینزمیانەی راستەقینەو کاریگەرە بەشێوازێك ببێتە سـەرەتایەك بـۆ سـەرهەڵدانی شۆرشـێکی ژنـانە لەنـاو زۆرێك لەدەزگا میدیاییەکان بەئاراستەی هەڵکیشانی رەگی بیری پیـاو سـالاری و ئەو ئایـدیا پیاوانـانەی تواناکـانی ئافرەتـان لەچوارچێـوە داخراوەکانـدا قەتـیس دەکەن1،بـوارێکی ئەوتۆشـیان بـۆ بەشـدارپێکردنی راسـتەقینەی ژن لەدنیـای کـاری میدیاییدا نەهێشتۆتەوە. بۆیە لێرەوە پێویستە لەسەر سەندیکای ڕۆژنامەنوسـان و بەرگریکـارانی مافەکـانی ئافرەتـان هەوڵ بدەن ژن پێگەیەکی بەهێزو خاوەن بڕیاربێت لەسەرجەم بوارەکانی ڕاگەیانـدن،تابتوانین ڕێژەیەکـی زۆر ئـافرەت بەشـداری کاری ڕاگەیاندن بکات بەو پێیە کۆمەڵگەیەکی وشیارو تاکێکی تەندروست پێبگەیەنین[2].

نموونەی بەشێک لەو بڵاوکرانەوە کە پەیوەستن بەئافرەتانەوە:[3]

-دەنگی ئافرەت(یەکێتی ئافرەتانی کوردستان).

-تەوار(گۆڤاری رۆشنبیری وەرزییە یەکێتی ژنان دەری دەکات).

-ژین(گۆڤارێکە سەر بە یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە لقی دهۆک).

-سنوور(گۆڤارێکی مانگانەی گشتییە شورای خوشکانی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات).

-گۆڤاری (سێبەر) لقی هەولێری یەکێتی ژنانی کوردستان دەری دەکات.

لێرەدا ئەوەی گرنگە بوترێت کە میدیای کوردی، میدیایەك نییە تایبەت بێت بە خەڵك؛ وبەشێوەیەکی گشتی میدیای کـوردی بەرهەمهێنەری نییە، بەڵکو زۆربەی پرۆگرام وبەرنامەکانی کۆپیکراوە، یان لاسای میدیای وڵاتـانی تـر دەکـات ، ولەلایەکـی ترەوە کاری میدیا بە هەموو پۆستەکانییەوە، وەك کارێکی پیشەیی، نەبۆتە کلتووری کارکردن و، بەبایەخەوە وەك بەشـێکی ئەکادیمی کاری پێ نەکراوە، ئەوەندەی زۆربەی ئەوانەی کاری تێدا دەکەن یان بەهۆی حەز و ئـارەزووەوە، یـاخود پـاڵنەری ماددی و بەدەستهێنانی کـار، بـۆتە خەم و پـاڵنەری کەسـەکان، بـۆ ئـەوەی کـار لە بـواری ڕاگەیانـدنـدا بـکەن، وهەروەهـا سەیرکردنی کۆمەڵگە بۆ ئافرەت، لە دید و تێڕوانینێکەوەیە کە لە ڕووی کەلتووری و کۆمەڵایەتییەوە ئەو بـوارە بـۆ ئـافرەت بەشیاو دانانێن، هـەروەها درێـژی و زۆریـی کـاتی کـارکردن لە بـواری میـدیادا و تێکەڵبـوون و دەرکەوتنـی کەسـەکان چ لە نێوەندی خودی میدیاکانەوە بێت، یان لە نێوەندی کۆمەڵگەدا بێـت، پرسـیار درووسـت دەبێـت بـۆ ئافرەتـان، ئەمە وێـڕای ئەوەی کەلتووری پەروەردەیی، تـا ئیسـتا بە شـێوەیەکە کە مـتمانە بە ئـافرەت ناکرێـت و، بە هـۆیەوە خـودی ئافرەتـانیش کێشـەی متمانەبوونیـان بە خۆیـان هەیە، تەلەڤزیۆنـەکان بەگشـتی نـەیانتوانیوە باڵانسـی جێنـدەری لـە نێوەنـدی بـۆردی ڕاوێژکاریدا ڕابگرن، کە ئەوەیش دواجار کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر ستراتیژ و پلان و بەرنامەی کارەکـانی تەلـەڤزیۆن

---

1- هەمان سەرچاوە.

2-هەمان سەرچاوە.

3- طارق جامباز-نهلة محمد سعدالله، شذرات من واقع المرأة الكوردستانية خلال الاعـوام(١٩٩٢-٢٠٠٩)-كوردسـتان العـراق انموذجا، ط٥، طبعة شهاب، اربيل،٢٠٠٩،ص٩٥.

و، تەنانەت لە ڕووی ناوەندی بڕیارسازییە هەیە. بەوەیش دۆخی ئافرەتان لە نێوەندی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بینراودا، وەک خۆی ماوەتەوە لە دۆخێکی چەقبەستووی کارکردندا دەسووڕێنەوە.[1]

وەهەروەها لە دەرەنجامی لێکۆڵینەوەیەک دا کەلەم ساڵانەی دوایی ئەنجامدراوە لەسەر (6) لە تەلەڤزیۆنەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە، ئەوەمان پێ دەڵێت: لە (21) ئەندامی بۆردی تەلەڤزیۆنەکاندا، تەنیا (4) لە ئەندامەکانیان ئافرەتن. لە کۆی (42) بەڕێوەبەری بەش لە تەلەڤزیۆنەکاندا (39) بەڕێوەبەری بەش پیاون و تەنیا (3) بەڕێوەبەری بەشی تەلەڤزیۆنەکان ژنن. بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنەکان ڕێژەی 100% پیاون، بەرامبەر ڕێژەی ژن کە بریتییە لە 0%. لە کۆی (6) تەلەڤزیۆندا، تەنیا یەک تەلەڤزیۆن جێگری بەڕێوەبەری هەیە. ژمارەی ئامادەکاری بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن کە بەگشتی بریتین لە 110 کەس، (66) لەوانە پیاون، بەرامبەر (44) ژنی ئامادەکار. لە کۆی گشتیی (1282) کارمەند لە تەلەڤزیۆنەکاندا، تەنیا (363) کارمەندی ژنیان هەیە و، لە کاتێکدا ژمارەی کارمەندانی پیاو دەکاتە (919)؛ واتە پیاوان، سێ ئەوەندەی ژنان لە ڕاگەیاندنی بینراودا بوونیان هەیە.

وەهەروەها لە کۆی گشتیی پەیامنێری تەلەڤزیۆنەکان دەکاتە (156) پەیامنێر؛ تەنیا (18) پەیامنێریان ئافرەتن و ئەوانی تر پیاون، کە دەکاتە (138). بەپێی دوا لێکۆڵینەوە کە ئەنجام دراوە سەبارەت بە (4) ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستاندا، دەرکەوتووە کە هەواڵ و ڕاپۆرتی تایبەت بە کەسایەتی و ڕێکخراو و دەستکەوتەکانی ژنان، ڕێژەی (0%) پێک دەهێنێ. ڕێژەی ژنان لە پۆستی بەرپرس و جێگری ماڵپەڕە کوردییەکان، بەگشتی بریتییە لە 0%، بەرامبەر 100%ی پیاوان.[2]

لەڕووی چاپەمەنی :یەکێکە لە کۆڵەکانی ڕاگەیاندن لە چاخی پەیوەندیکردندا؛ گەرچی ئەویش وەک لقێک لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی بەهۆی شۆڕش لە کەرەسەکانی ڕاگەیاندندا ئاڵوگۆڕی چەندایەتیی بەسەردا هاتووە و بۆتە بەشێک لە جیهانی دیجیتاڵیی ڕاگەیاندن، بەڵام گرنگیی خۆی هەر پاراستووە. چاپەمەنییش وەکوو بەشەکانی تری ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، دوو دیوی هەن: دیوی دەرەوەی، کە بریتییە لە زانیاری، هەواڵ، ڕاپۆرت، سەرگەرمی، پیشەییبوون و ئەخلاق لە کاردا. دیوی دووەمی، کەمێک شاراوەیە کە ئەویش خۆی لە شێوەی بەڕێوەبردن، پەیوەندیی نێوان کارمەندان لەگەڵ یەکتر و کارمەندان لەگەڵ بەرپرسان، هەروەها پرسی بوودجە و دەور و پێکهاتەی مرۆڤی (ژنان و پیاوان)، بەتایبەتی دەوری ژنان لە بەڕێوەبەرایەتیی چاپەمەنی و بەشەکانیدا، وچاپەمەنی، بەشێکە لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی بۆ پەیوەندیکردن (گەیاندنی زانیاری و هەواڵ) بە هاووڵاتیان، کە ئەویش بە نۆرەی خۆی هەم کارتێکەرە و هەمیش ڕای گشتی چێ دەکات. هەروەها بەشێک لە هاووڵاتیان لە ڕێگەی چاپەمەنییەکانەوە ئاگاداری ڕووداو و دەنگوباسەکانی ناوخۆ و دەرەوە دەبن. بۆیە چاپەمەنییەکانیش دەتوانن ڕای گشتی لە ڕەندە بدەن و ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگەدا دروست بکەن، بەداخەوە تا ئێستا هیچ چەشنە پێشکەوتنێک بۆ پێگەیاندنی ژنان لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی-لەوانە لە چاپەمەنییەکاندا- نەکراوە. ژنان لە چاپەمەنییەکانیشدا هەروا پاشکۆی پیاوانن یان ئەوەتا لە پەراوێزی بڕیاردانداندان. چڕیی پیاوسالاری، داب و نەریت، کەلتووری پاوانکردن و پێکهاتەی پیاوانەیی حزبەکان، سەرەکیترین کۆسپن لەو بوارەدا. ئەوەیش لە حاڵێکدایە کە لەناو چاپەمەنییەکاندا بەردەوام باس لە چاکسازی، نەهێشتنی توندوتیژیی دژ بە ژنان، مافی مرۆڤ، یەکسانی و دیموکراسی دەکەن.[3]

---

١- کنێر عەبدوڵلا، پێگەی ژنان لە کەناڵی بینراودا، ماڵپەڕی پێنووس، ڕۆژی بڵاوکردنەوە٢٠١٧/٥/٢٤، ڕۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٤/١٢:

https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/425-2018-09-02-18-56-38

2- هەمان سەرچاوە.

3- قەرەنی قادری، پیاوسالاریی چڕ لە چاپەمەنییەکانی هەرێمی کوردستاندا،ماڵپەڕی پێنووس ، ڕۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٣/٣/٦، ڕۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٢/٦:

-02-04-2018https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/ 30-26-15-06-03-2023-2075/item/28-12-19

بانگەشەی ئەو چاپەمەنییانە بۆ بەدیموکراتیکردن و چاکسازی، گەلێک ڕەوایە، چونکە تەنیا بەرژەوەندییەک کە ڕاگەیاندن بەدوایدا وێڵە، کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکە کە تێیدا مافی مرۆڤ پارێزراو بێت و دادپەروەری و بەرامبەری سەقامگیر بێت؛ هەروەها ئازادییەکان بەیاسایی کرابن و لەلایەن حکوومەت و دامەزراوەکانییەوە پارێزراو بن و، ڕاگەیاندنەکانیش پەرێزی ئازادییەکان خاوێن ڕابگرن. کۆمەڵگەی دیموکراتیک، لە بەرژەوەندیی ڕاگەیانندنایە. بەڵام ئەوەندەیش ناڕەوایە کە لە پاڵ ئەمر هەموو باس و لێدوانانەی پەیوەست بە دیموکراسی، چاکسازی و یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان، ئەم کەرەسانە نەیانتوانیوە لەناو خۆیاندا ئەم بانگەیەشە جێبەجێ بکەن و دیمەنی یەکسانیی ژنان و پیاوان لە دامەزراوەکەی خۆیان پیشانی کۆمەڵگە بدەن،دیمەنێک لە پێکهاتەی بەڕێوەبەریی چاپەمەنییەکانی هەرێمی کوردستان، کە دەکرێت وەکوو ناسنامەی مرۆڤی (هاوکێشەی مرۆڤی/ ژنان و پیاوان) پێناسە بکرێت، ئەوەیە کە تا چەندە لە شوێنەکانی بڕیاردان لە چاپەمەنییەکاندا ڕەچاوی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان کراوە، یان ئەوەتا ئاخۆ ژنان بەرپرسن و بەشێکن لە ڕەوتی بڕیاردان.[1] لێرەدا سێ ساڵ دیاری کراوە بۆ وەرگرتنی ئامار لەسەر بەشداری ئافرەت لە چوارچێوەی چاپەمەندییەکان دیارترینیان(ڕۆژنامە -گۆڤار-هەفتەنامە)کانی هەرێمی کوردستان، لەنێوان ساڵانی (٢٠١١، ٢٠١٨، ٢٠٢٣)[2]، (بڕوانە خشتەی ژمارە ٥) بەمشێوەیەی خوارەوە:

| چاپەمەنییەکان | لایەن | پیاو | ئافرەت |
|---|---|---|---|
| ڕۆژنامەی خەبات | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٥ | |
| ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٥ | - |
| ڕۆژنامەی هەولێر | - | ٧ | - |
| ڕۆژنامەی ئاوێنە | - | ٤ | - |
| ڕۆژنامەی ئاسۆ | - | ٦ | - |
| ڕۆژنامەی ڕۆژنامە | بزوتنەوەی گۆڕان | ٤ | - |
| ڕۆژنامەی هاوڵاتی | - | ٢ | ١ |
| گۆڤاری لڤین | - | ٨ | - |
| هەفتەنامەی ڕووداو | | ٧ | - |
| هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان | حزبی شیوعی کوردستان | ٤ | - |
| ڕۆژنامەی پەیام | مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی کوردستان | ٦ | - |

ئامادەکردنی توێژەر: خشتەی ژمارە(٥) بەشداری ئافرەت لە بواری چاپەمەنییەکان بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠١١

تەوەرەی دووەم
دامەزراوە حکومیەکان وەک
(سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق)
لقی یەکەم
سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

لەسەر بنەمای یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق ژمارە(١) ساڵی ١٩٩٢، وپەرلەمانی کوردستان یەکەم دامەزراوەی یاساییە کە دروستبووە لەهەرێمی کوردستان، ویەکەم هەڵبژاردنی دیموکراسیانە ئەنجام درا بۆدیاریکردنی ئەندام پەرلەمانەکان

1- هەمان سەرچاوە.
2- هەمان سەرچاوە.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

له (١٩/ئایاری/١٩٩٢)[1]، بەدریژایی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان تەنیا یەک جار ئافرەت پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی وەرگرت ودوو ئافرەتیش بوونەتە سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، بڕوانە خشتەی ژمارە(٦)

| خولەکان | ساڵ | سەرۆکی پەرلەمان | جێگری سەرۆک | سکرتێری سەرۆک | پیاو | ئافرەت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خولی یەکەم/قۆناغی یەکەم | ١٩٩٢-٢٠٠٠ | د.جەوهەر نامیق سالم | محمد تۆفیق - نەژاد ئەحمەد | فرسەت ئەحمەد عەبدولا | ٣ | - |
| خولی گواستنەوە | ٢٠٠٠-٢٠٠٢ | د.ڕۆژ نوری شاوێس | - | فرسەت ئەحمەد عەبدولا | ٣ | - |
| خولی گواستنەوە | ٢٠٠٢-٢٠٠٥ | د.ڕۆژ نوری شاوێس د.کمال عبدالکریم | - | فرسەت ئەحمەد عەبدولا | ٣ | - |
| خولی دووەم | ٢٠٠٥-٢٠٠٩ | د.عەدنان موفتی | د.کەمال کەرکوکی | فرسەت ئەحمەد عەبدولا | ٣ | - |
| خولی سێیەم/دەورەی یەکەم | ٢٠٠٩-٢٠١١ | د.کەمال کەرکوکی | د.ئەرسەلان بایز | فرسەت ئەحمەد عەبدولا | ٣ | - |
| خولی سێیەم/دەورەی دووەم | ٢٠١١-٢٠١٣ | د.ئەرسەلان بایز | د.حەسەن محمد سوارە | فرسەت ئەحمەد عەبدولا | ٣ | - |
| خولی چوارەم | ٢٠١٣-٢٠١٨ | یوسف محمد سادق | جەعفەر ئیبراهیم ئیمنکی | فخرالدین قادر عارف بێگەرد تاڵەبانی | ٣ | ١ |
| خولی پێنجەم | ٢٠١٨-٢٠٢٢ | د.ڕێواز فائق حسین | د.هێمن هەورامی | منی نبی نادر عبداللە | ١ | ٢ |

ئامادەکردنی توێژەر: خشتەی ژمارە(٦)بەشداری ئافرەت لەسەرکردایەتی پەرلەمانی کوردستان

### لقی دووەم
### سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٥ وەک دامەزراوەیەکی فەرمی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکراوە، ئەم پۆستە بە بەرزترین پۆستی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردن دادەنرێت وهەر چوار ساڵێک هەڵدەبژێردرێت، وئەم دەسەڵاتە چەندین خولی بەخۆیەوە بینیوە، وپێکهاتەی ئەم دامەزراوەیە پێکدێت لە(سەرۆکی هەرێم-جێگری سەرۆک-وسەرۆکی دیوان)[2]، لێرەدا هیچ ئافرەتێک نەیتوانیوەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧).

| خولەکان | سەرۆکی هەرێم | جێگری سەرۆک | سەرۆکی دیوان |
|---|---|---|---|
| خولی ٢٠٠٥ | کاک مەسعود بارزانی | - | - |
| خولی٢٠٠٩ | کاک مەسعود بارزانی | کاک کۆسرەت ڕەسول | کاک فوئاد حسێن |
| خولی ٢٠١٣ | کاک مەسعودبارزانی | کاک کۆسرەت ڕەسول | کاک فوئاد حسێن |
| خولی ٢٠١٨ | کاک نێچیرڤان بارزانی | کاک قوباد تاڵەبانی | فەوزی هەریری |

ئامادەکردنی توێژەر: خشتەی ژمارە(٧) بەشداری ئافرەت لەسەرکردایەتی سەرۆکایەتی هەرێم

1-سەروەر حەمە ئەحمەد، ڕۆشنبیری سیاسی ، چاپخانەی موکریانی،هەولێر، ٢٠١٣،ل٧٧.

2-کنێر عەبدوڵلا، بەشداری سیاسی ژنان لە باشوری کوردستان ساڵانی ١٩٩١-٢٠١٦، چاپی دووەم، چاپخانەی سەردەم، هەولێر،٢٠١٧،ل١٢٠.

### لقی سێیەم
### سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**لەماوەی ساڵانی ١٩٩٢تا ٢٠١٨، حکومەتی هەرێمی کوردستان (٩) کابینەی بەخۆیەوە بینیوە[1]، بەدرێژایی تەمەنی حکومەتی هەرێم هیچ ئافرەتێک نەیتوانیوە پۆستی سەرۆک وەزیران وجێگری سەرۆک وەزیران وەربگرێت،بڕوانە خشتەی ژمارە (٨).**

| ژمارەی کابینە | ساڵ | سەرۆک وەزیران | جێگری سەرۆک |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ١٩٩٢-١٩٩٣ | فوئاد مەعسوم | رۆژ نوری شاوێس |
| دووەم | ١٩٩٣-١٩٩٦ | کۆسرەت ڕەسول عەلی | رۆژ نوری شاوێس |
| سێیەم | ١٩٩٦-١٩٩٩ | رۆژ نوری شاوێس | نێچیرڤان ئیدریس بارزانی |
| | ٢٠٠١-٢٠٠٤ | بەرهەم ئەحمەد سالح | عەدنان ڕەشاد موفتی |
| چوارەم | ١٩٩٩-٢٠٠٥ | نێچرڤان ئیدریس بارزانی | سامی عبدالرحمان |
| | ٢٠٠٥-٢٠٠٦ | عومەر فەتاح | عماد ئەحمەد |
| پێنجەم | ٢٠٠٦-٢٠٠٩ | نێچیرڤان ئیدریس بارزانی | عومەر فەتاح |
| شەشەم | ٢٠٠٩-٢٠١١ | بەرهەم ئەحمەد سالح | ئازاد محمد نجیب |
| حەوتەم | ٢٠١٢-٢٠١٣ | نێچیرڤان ئیدریس بارزانی | عماد ئەحمەد |
| هەشتەم | ٢٠١٤-٢٠١٨ | نێچیرڤان ئیدریس بارزانی | قوباد جەلال تاڵەبانی |
| نۆیەم | ٢٠١٩-٢٠٢٤ | مەسرور مەسعود بارزانی | قوباد تاڵەبانی |

**ئامادەکردنی تویژەر: خشتەی ژمارە(٨) بەشداری ئافرەت لەسەرکردایەتی حکومەتی هەرێم**

**لەکۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێت سەرکردایەتی کردنی ئافرەت لە سەرجەم پێکهاتەی پەرلەمان سەرۆکایەتی وحکومەتی هەرێمی کوردستان دا، ڕێژەی سەرکردایەتی کردنی ئافرەت بریتی بووە لە( %٣ ) (سەدا سێ) بەرامبەر بە ڕێژەی(%١٠٠)(سەدا سەد) بۆ پیاوان، بەو واتایەی لەناو سەرجەم سەرۆکایەتیەکانی پرۆسەی سیاسی هەریمی کوردستان بنەمای "کۆتا" پەیڕەونەکراوە، وتەنانەت ڕێگرن لەبەردەم ئافرەت بۆ ئەوەی نەتوانێت هاوشێوەی ئافرەتانی جیهان سەرۆکایەتی پۆستە باڵاکان بکات، ئەمەیش دەگەرێتەوە بۆ ئەو عەقڵیەتەی کەلە کۆمەڵگەی کوردی دا دەگوزەرێت، وهەروەها پارتە سیاسییەکان وبەرپرسەکانی هەرێمی کوردستان باوەڕ ومتمانەیان بەتوانای ئافرەت نییە، لەڕوانگەی ئەوانەوە ئافرەت ناتوانێت ئەم بەرپرسیاریەتیە لە ئەستۆ بگرێت ومومارەسەی بکات.**

## باسی سێیەم
## ئالنگارییەکانی بەردەم بەشداری کردنی ئافرەت لەکایەی سەرکردایەتی کردن لەهەرێمی کوردستان

**لەم باسە دا گەنگەشە دەکەین لەسەر ئالنگارییەکانی بەردەم بەشداری کردنی ئافرەت لە سەرکردایەتی کردنی هەرێمی کوردستان،ئاڵنگارییەکان پێکهاتوون لە ئالنگاری سیاسی وئالنگاری کۆمەڵایەتی و وئاڵنگاری یاسایی وئالنگارییەکانی تری بەردەم سەرکردایەتی کردنی ئافرەت، بەمشێوەیە:**

### تەوەری یەکەم

**١- مەهاباد قەرەداغی، ئافرەتیزم(مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان ١٩١٨-٢٠١٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل.ل١١٢-٢١٢.**

**ئالنگارییە سیاسییەکان**

**بەشێکی زۆری سیستەمە سیاسییەکانی وڵاتانی عەرەبی فاکتەرێکی گرنگن بۆ لاوازکردنی بەشداری سیاسی ئافرەت، بەهۆی باڵادەستی ڕەگەزی (نێر) لەسەر پۆستە سیاسییەکان، وزۆربەی پارتە سیاسییەکان ئامانجیان نییە کە ئافرەتیش وەک ئەوان چالاکی کارای هەبێت لەبواری سیاسی دا.[1]**

**پەراوێزخستنی بەشداری ئافرەت وگرنگی نەدان بەتواناکانی بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی حکومەت، کەئەمەش ئافرەتان بێ بەش دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، بەهۆی ئەوەی لەهەموو سیستەمێکی سیاسی دا دەرفەتی یەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەزی (پیاو وئافرەت) فەراهەم ناکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی جیاکاری لەنێوانیان، هەربۆیە پەراوێزخستنی ئافرەتان لە سیستەمی سیاسی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی وڵاتانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، کاریگەری هەبووە لەسەر هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی وا سەیری ئافرەت دەکرێت کە شیاوی پێگەو ناوەندی بڕیار نیین، هەرچەندە لەناو پارتە سیاسییەکان دا ئافرەتان دەبنە ئەندام، بەڵام دەرفەتیان پێنادرێ لەناو سەرکردایەتی پارتەکان دا کە ناوەندی بڕیارە ئافرەت دەنگ وسەنگی خۆی هەبێت، ولە زۆربەی پارتە دەسەڵاتدارەکانی دەوروبەر وعێراق وهەرێمی کوردستانیش ئافرەت لە پلەی سەرکردایەتی ڕەنگێکی کاڵ ودەنگیان نابیسترێت.[2]**

**کەمی نوێنەرایەتی ئافرەت لەناوەندی بڕیار دا، ئەمەش دەبێتە هۆی سنوور دانان لەبەردەم تواناکانی لەسەر ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەسیاسەت وپرۆگرامەکان،ئەمەش پەیوەندی بەچەند فاکتەرێکەوە دیارترینیان :[3]**

**١-نەبوونی میکانیزمەکانی چاودێری کاریگەر بۆ پێدانی گەرەنتی لەسەر جێبەجێکردنی یاساکان وسیاسەتەکانی پشتگیری کردنی ئافرەتان.**

**بۆ ئەم مەبەستە سیستەمە سیاسییەکان وپارتە سیاسییەکان بەرپرسیاری یەکەمن بۆ بەهێزکردنی بەشداری سیاسی ئافرەت لە بواری سیاسی دا ، وزۆرجار ئافرەتان ناتوانن بەشداری بکەن بەهۆی لایەنی ڕەگەزی(جێندەری)،بەمەش هیچ ڕۆڵێکی پێنادرێ بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە ناوەندەکانی درووستکردنی بڕیاردا.**

**٢-بەردەوامبوونی تێڕوانین بۆ ئافرەتان بەپێی دیدێکی باو و تەقلیدی لای ژمارەیەکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ چەمکی جێندەر، بەوەی بە بەراورد لەگەڵ پیاو، لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە بڕیاردا بێدەسەڵاتە؛هەروەها گوشارە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان ئاسەواری خراپی لەسەر توانای ئافرەتانی میدیاکار دەبێت و، بە شێوەیەکی دیاریکراو سنوور بۆ بەرزبوونەوەی بۆ شوێنەکانی سەرکردایەتیبوونی، دادەنێت، تا ئێستا کۆمەڵگەی کوردی، بەو کۆمەڵانە ناوزەد دەکرێت کە عەقڵیەتی پیاوسالاریی تێیدا زاڵە کە بە هۆی بوونی کەلتوورێکی باوەوە هەمیشە لە زۆربەی کارەکاندا ڕێگری لە ئافرەتان دەکات و، لە کۆمەڵگەدا پەراوێزیان دەخات؛ بە شێوەیەک ڕەوایەتی بە دۆخەکە دەدات کە هەمیشە شکست، واتە سەرنەکەوتنی ئافرەتان لە هەموو شتەکاندا بە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو دەزانێت، تەنیا ڕۆڵبینینی نەبێت لە چوارچێوەی ماڵدا، وەک بەخێوکەری منداڵ و مێرد و کاری ناوماڵ و وەچەخستنەوە.[4]**

---

1-د.حفيظة شقير، دليل المشاركة السياسية للنساء العربيات، المعهد العربي لحقوق الانسان، تونس،2004،ص.ص96-97.

2-مهاباد قەرەداغی، ئافرەتیزم(مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان ١٩١٨-٢٠١٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١.

3-حميد عبدالله صالح، المعوقات تمكين المرأة في اقليم كوردستان العراق بمنظور الجغرافية السياسية، المصدر السابق،ص٢٨٢.

4-کنێر عەبدوڵا،ژن و ناوەندی بڕیار؛ ڕاستی و ئامارەکان،ماڵپەری پێنووس،ڕۆژی بڵاوکردنەوە٢٠١٧/١/١٤،ڕۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٢/٢٨:

-02-04-2018https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/38-56-18-02-09-2018-347/item/33-11-19

## تەوەرەی دووەم
## ئالنگارییە کۆمەڵایەتیەکان

زۆرجار داب ونەریت وبەهاکانی کۆمەڵگە وسیستەمی باوکسالاری کاریگەریان دەبێتە سەر ڕۆڵ وپێگەی ئافرەتان، کە بەبەردەوامی جیاوازی دەکرێت لەنێوان دابەشکردنی ڕۆڵ لەنێوان پیاو وئافرەت دا، وئەوداب ونەریتە کاریگەری دروست دەکات لەسەر پێکهاتەی گەنجان کە بەهەموو شێوەیەک کارکردنی ئافرەت لەکایەی سیاسی دا ڕەت دەکەنەوە، وهەروەها نەبوونی پشتگیری خێزانەکان ویان پشتگیری نەکردنی ئافرەت بۆ چوونە ناو پرۆسەی سیاسی.[1]

سروشتی کۆمەڵگەکان بەگشتی وکۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی کاریگەری ئەوتۆی هەبووە لەسەر بەشداری سیاسی ئافرەتان، بەشێوەیەک کۆمەڵگەی کوردی هاوشێوەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی کۆمەڵێک داب ونەریت وبیرۆکەی خێڵ وعەشیرەتگەراییە ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر کەمی بەشداری کردنی ئافرەتی کورد لە کایەی سیاسی دا، وزۆرجار ئافرەتان ڕێگریان لێدەکرێت بچنە خوێندنگاکان، ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەیە دەبێتە هۆی زۆربوونی نەخوێندەواری لەناو ئافرەتان دا، کە دەبێتە هۆی بەرتەسک کردنی ئەرکەکانی ئافرەت کەتەنیا لە چوارچێوەی بەخێوکردنی منداڵ و کاروباری ماڵەوە بەرجەستە دەبێت، وزۆرجار پیاوان کەهەڵگری ئەو داب ونەریتانەن کەلەباوانیانەوە بۆیان ماوەتەوە لە ڕوانگەی ئەوانەوە کاری سیاسی ناگونجێت بۆ ئافرەتان، جگەلەمەش لاوازی ڕۆشنبیری سیاسی ومەدەنی لەکۆمەڵگە و زاڵ بوونی سیستەمی باوکسالاری وبەردەوام بوونی جیاکاری لەنێوان پیاوان وئافرەتان لەهەرێمی کوردستان لەسەر دابەشکردنی ڕۆڵەکان کاریگەری نەرێنی دروست کردووە بۆ سنووردارکردنی بەشداری کردنی ئافرەت لە بواری سیاسەت دا.

## تەوەرەی سێیەم
## ئالنگارییە یاساییەکان

بەشێکی زۆری یاساکانی هەڵبژاردن وپارتە سیاسییەکان ئاستەنگ دروست دەکەن لەبەردەم بەشداری کردنی ئافرەت لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار، سەرەڕای پەیڕەوکردنی سیستەمی کۆتای بۆ ئافرەتان، وزۆرجار ئەو ئاستەنگە یاساییانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ باسی یەکسانی نێوان ئافرەت وپیاو ناکا لەناو پێگە باڵاکان، بەڵکو تەنیا لەبەردەم یاسا دا یەکسانن.[2]

دانانی پلەی ڕێژەیی بۆ نوێنەرایەتی ئافرەتان لەناو پەرلەمان دا ئەمەش بووەتە هۆی کەمی بەشداری ئافرەت لەناو دامەزراوەکانی حکومەت دا، زۆرجار ڕۆڵی ئافرەت وبەشداری کردنی ئافرەت سنووردار دەکرێت بۆئەوەی نەتوانێت وەک پێویست ڕۆڵی خۆی بگێرێت لەبواری سیاسی دا[3].

ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت و پەیوەستە بە کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردە وتەنیا بۆ ئەم بوارانە شیاوە، هەروەکدەبینین لەزۆربەی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا ئەوەی پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی و دارایی و ناوخۆ و پێشمەرگە هیچ دەسەڵاتێکیان پێنەدراوە، ولەئێستاش دا دەبینین لەهەرێمی کوردستان دا هیچ ئافرەتێک وەک سەرۆکی حزبێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا دیاری نەکراوە، جگەلەمەش دەبینین لە

---

1 - Jones Martinez Palacios , Igor Ahedo Gurrutxaga et al. , La participation entravée des femmes . Le cas des processus d'innovation démocratique au Pays Basque , In : De Boeck Supérieur| « Participations » , 2015/2 N° 12 , pages 31 à 56 , article disponible en ligne à l'adresse: file:///C:/Users/lenovo/Downloads/la-participation-entravee-des-femmes-le-cas-des-processus-dinnovation-democratique-au-pays-basque.pdf

2-حريزي زكرياء، المشاركة السياسية للمراة العربية ودورها في محاولة تكريس الديمقراطية التشاركية-الجزائر نموذجا-، رسالة الماجستير،قسم العلوم السياسية، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة الحاج لخضر،2010-2011،ص56.

3-شيماء محمد أبو النور الحديدى، معوقات المشاركة السياسية للمرأة، أطروحة الدكتوراه، كلية الحقوق، قسم القانون العام،جامعة المنصورة، ٢٠٢٢،ص٨.

هیچ کابینەیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئافرەت نەبۆتە سەرۆک وەزیران یان جێگری سەرۆکوەزیران، وتەنانەت لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دا هیچ ئافرەتێک پۆستی پارێزگار و جێگری پارێزگاری وەرنەگرتووە، وبۆ پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم و جێگرەکەیشی بەهەمان شێوە ئافرەت ئەم پۆستانەی وەرنەگرتووە .[1]

## تەوەرەی چوارەم

### باسی ئالنگارییەکانی تری بەردەم سەرکردایەتی کردنی ئافرەت

کۆمەڵێک ئالنگاری تر هەن کە پێوویستن بخرێنە ڕوو بۆ ئەوەی لەسەر ئەوئالنگارییانە هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێت، بەتایبەت لەهەرێمی کوردستان، کە ئەمانەن:[2]

١-نەبوونی هۆشیاریی لای ئافرەتان دەربارەی گرنگی بەشداری کردنیان لە کاری سیاسیدا و هەوڵنەدان بۆ هێنانەدی مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان، . وبێجگە لەمە ئافرەتان زۆرجار خۆیان لە کاروباری ڕۆشنبیری و سیاسەت بەدوور ڕادەگرن.

٢-نەبوونی ڕۆڵی کاریگەری ئامرازەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کە دیارترینیان ئەو کەناڵانەی لەژێر کاریگەری هزری نێرسالاری دایە ئافرەتیان کردۆتە دیلی ئەو بۆچوونە هەڵانەی کە گوایە لە بەشداریی کردنیان لەکاروباری سیاسی دا بێ توانان.

٣- کاریگەری لایەنی ئایینی: زۆرجار ئافرەتان داوای چەسپاندنی زیاتری مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان دەکەن، لێرەدا پیاوانی ئایینی و بانگخوازەکان ئەم داواکارییانە بە مەترسی بۆ سەر پیرۆزیی پیاو لە قەڵەم دەدەن، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی بەرگێکی ئایینی،و بەچاوێکی خراپ بەرامبەر بە بەشداریی ژن لە کایەی سیاسیدا دەڕوانن.

## دەرئەنجام

بەشداریکردنی ئافرەتان لە سەرکردایەتی کردن دا بۆتە پرسێکی هەرە گرنگ و لەلایەن چینی دەستەبژێری نێو کۆمەڵگەوە گرنگی تایبەتی پێ دەدرێت، وبەشدارینەکردنی ئافرەتان لەکایەی سیاسی دا بەگشتی وکایەی سەرکردایەتی کردن بەتایبەتی ڕادەی زاڵبوونی کلتوور وڕۆڵی زیاتری وپیاوسالاری ئەو کۆمەڵگەیە پیشان دەدات ڕێژەی بەشداریکردن لەپرۆسەی سیاسی دا زۆر لاوازە ویاخود سنووردارە، ولەگەڵ ئەمەش دا کۆمەڵگەی کوردی لەچاو هەندێک کۆمەڵگەی تر زۆر پێشکەوتووترە سەبارەت بە مافی ئافرەت، بەڵام پێنەدانی دەرفەتی سەرکردایەتیکردنی ئافرەت پەیوەستە بە کۆمەڵێک هۆکار کە ئاماژەمان پێدا، وبۆئەم مەبەستە گەیشتینە بەم دەرئەنجانەی خوارەوە:

١-سەرکردایەتیکردن بریتیە لە مومارەسەکردنی پۆستە باڵاکان لەسەر ئاستی فەرمی ونافەرمی دا، ئافرەتیش ئەو مافەیان پێدەدرێ کە ڕۆڵی سەرکردە بوون بگێرێت، وچەندین نموونەی زیندوومان هەیە کە هاوشێوەی پیاوان دەتوانن پۆستی سەرۆکایەتی وەربگرن وولات بەرێوەببەن.

٢-بەشداریکردن لە سەرکردایەتی کردنی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان دا لە سەرجەم حزبە سیاسییەکان وبەپێی دەرەنجامی ئەو کۆنگرانەی کە ئەنجام دراوە، دەبینین لەسەر ئاستی پلەی باڵای پارتەکان دا هیچ ئافرەتێک نەیتوانیوە ببێتە سەرکردە پارتە سیاسییەکان.

1-شاگوڵ موسلح ئەنوەر، ڕۆڵی ئافرەت لە بڕیاردانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەری پێنووس، ڕۆژی بڵاوکردنەوە ٢٠١٩/٧/٤، ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/٢/٢٨:

https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/-02-04-2018 28-12-19/item/45-16-08-04-07-2019-1648

2-هەمان سەرچاوە.

٣-سەرەڕای هەبوونی چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەتیش ڕێکخراوەکانی ئافرەتان، کە توانیویەتی بەشێک لەمافە ڕەواکانی خۆی بەدەستبهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا سەربەخۆ وئازاد نیین، بەڵکو زیاتر لە ژێر کاریگەری هەژموونی پیاوسالاری دایە ولەلایەن ئەوانەوە ئاڕاستە دەکرێن.

٤-سەرکردایەتی کردنی ئافرەت لە پۆستە حکومیە باڵاکانی هەرێمی کوردستان وەک سەرۆکایەتی هەرێم وحکومەتی هەریمی کوردستان دەبینین هیچ ئافرەتێک نەیتوانیوە سەرکردایەتی دامەزراوەکان بکەن، وهەروەها گەر بڕوانینە تەمەنی پەرلەمانی کوردستانیش تەنیا یەک ئافرەت توانیویەتی سەرکردایەتی پەرلەمانی کوردستان بکات ئەویش لەژێر کاریگەری ئەجێندای پارتە سیاسیەکان دا بووە، وسەربەخۆ نەبووە.

٥-دیارترین ئەو بەربەستانەی کە بوونەتە تەنگەژە لەبەردەم ئافرەت لەپرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی سەرکردایەتی دا پەیوەستە بە ئاڵنگارییە سیاسی ویاسایی وکۆمەڵایەتیەکان، کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بەپێی عەقڵیەتی پیاوسالاری بەڕێوەدەبرێت، وهەروەها جومگەکانی دەسەڵات لەلایەن پیاوەوە کۆنترۆڵ کراوە، ومەبەستیان نییە ئافرەتیش پۆستی سەرکردایەتی وەربگرێت چونکە ئافرەت بە لاواز بێ توانا دەبینن، وای دەبینن کە ئافرەت لەو ئاستە دا نییە بتوانێت ڕۆڵی سەرکردایەتیکردن ببینێت، وهیچ دەرفەتێک نەڕەخساوە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەت تا ئەدای خۆی بگێرێت لێهاتووی وکارامەیی خۆی بۆ بسەڵمێنێت.

## لیستی سەرچاوەکان:

-سەرچاوە کوردییەکان:

یەکەم:کتێب

١-مسعود عبدالخالق، ناسنامەی حزبە کوردستانییەکان(ڕەوتیان-ئایدۆلۆژیان-هەڵسەنگاندنیان)، چاپخانەی هێڤی، هەولێر،٢٠٠٩.

٢-سەروەر حەمە ئەحمەد، رۆشنبیری سیاسی ، چاپخانەی موکریانی،هەولێر، ٢٠١٣.

٣-دەستووری ناوخۆی بزوتنەوەی گۆران(پەسەنکراوی کۆنگرەی یەکەم)،هەولێر،٢٦-٢٧/١٢/٢٠١٣.

٤-کنێر عەبدوڵلا، بەشداری سیاسی ژنان لە باشوری کوردستان سالآنی ١٩٩١-٢٠١٦، چاپی دووەم، چاپخانەی سەردەم، هەولێر،٢٠١٧.

٥-مەهاباد قەرەداغی، ئافرەتیزم(مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان ١٩١٨-٢٠١٨)، چاپخانەی شەهاب،هەولێر، ٢٠١٨.

٦-دەستوری ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان(پەسەندکراوی دوهەمین کۆنفرانسی نیشتمانی بزوتنەوەی گۆڕان)، (سلێمانی – ٢٠٢٤).

٧-ماددەی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە کۆنگرەی حەوتەمی ساڵی ٢٠١٠.

٨-عەدالەت عومەر ساڵح، ئەنفال وئافرەتی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،٢٠٠٢.

٩-مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەووکۆنفرانس (پرۆگرام وپەیڕەوی ناوخۆ)، بەرگی دووەم، دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان ،چاپخانەی ڕۆکسانا، ٢٠٢١،ل١-١٩.

١٠-پڕۆگرام وپەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆنگرەی چوارەم)، چاپخانەی حەمدی ،سلێمانی،٢٠٢١.

دووەم:نامەی ماستەر

١-شهلە صالح عبداللە، ڕۆڵی فیمینیزم لە بەشداری سیاسی ژنان لەهەرێمی کوردستان-عێراق، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، وانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،٢٠١٦.

سێیەم:گۆڤار

١-جەمیل سەرمەستی، ژنی کورد وپێناسەی نەتەوەیی، گۆڤاری ژنان( یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە٥٤، ٢٠٢١.

٢-سەفەر کریم هاواری، ئافرەتانی کوردستان پێشەنگ لەخەبات وقوربانیدان، گۆڤاری شیکار، ساڵی سێیەم، ژمارە(١١و١٢)، ماڵپەری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٥.

٣-ئاريا ئیبراهیم محەمەد، بەرپرسیاریەتی ئافرەتی کورد لە نێو کۆمەڵگەدا(توێژینەوەیەکی وەسفیە بۆپێگەی ئافرەت لەهەرێمی کوردستان دوای ڕاپەرین١٩٩١-٢٠٠٥)، گۆڤاری شیکار، ساڵی سێیەم، ژمارە(١١و١٢)، چاپخانەی وەزاەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠١٥.
٤-د.شەونم یەحیا، ستراتیژیەتی مەسەلەی ئافرەت لەچوارچێوەی ڕێکخراوەیی دا، گۆڤاری شیکار،ساڵی پێنجەم،ژمارە(١٧-١٨)، ٢٠١٧.

چوارەم:چاوپێکەوتن
١-چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوەند بکر علی(ئەندامی ژووری هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆران)، رۆژی سێشەممە ،رێکەوتی ٢٠٢٥/١/٢١، کات١١:٠٠بەیانی.
پێنجەم:سایتی ئەلیکترۆنی
1-کنێر عەبدوڵا،ژن و ناوەندی بڕیار؛ ڕاستی و ئامارەکان،ماڵپەری پێنووس،ڕۆژی بڵاوکردنەوە٢٠١٧/١/١٤،رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٢/٢٨:

https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/33-11-19-02-04-2018/item/38-56-18-02-09-2018-347
٢-کنێر عەبدوڵلا، پێگەی ژنان لە کەناڵی بینراودا، ماڵپەری پێنووس، ڕۆژی بڵاوکردنەوە٢٠١٧/٥/٢٤، ڕۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٤/١٢:
https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/425-2018-09-02-18-56-38

٣- ساڵح ژاژڵەیی، ئایا یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئێستادا ، شەریکی دەسەڵاتە ، هاوبەشی دەسەڵاتە یان پاشکۆی دەسەڵاتە؟،ماڵپەری کوردستان پۆست، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠١٧/٣/٢٥، رۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/٣/٥:
https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=

٤-شاگوڵ موسلح ئەنوەر، ڕۆڵی ئافرەت لە بڕیاردانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەری پێنووس، ڕۆژی بڵاوکردنەوە ٢٠١٩/٧/٤، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٢/٢٨ :
https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/28-12-19-02-04-2018/item/45-16-08-04-07-2019-1648

٥-دەربارەی یەکگرتوو،ماڵپەری فەرمی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/٣/٣١:
https://www.yakgrtw.net/y//100
٦-تەرزە محەمەد، پێگەی ئافرەت لەناوەندەکانی میدیا دا، ماڵپەری سەنتەری میترۆ، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٢/٩/١٢، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٢/٤/٢:
https://www.metroo.org/drejaWtar.aspx?NusarID=737&Jmare=1243
٧-قەرەنی قادری، پیاوسالاریی چڕ لە چاپەمەنییەکانی هەرێمی کوردستاندا،ماڵپەری پێنووس ، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٣/٣/٦، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٢/٦:
https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/28-12-19-02-04-2018/item/30-26-15-06-03-2023-2075

-المصادر العربية:
اولا:الكتب
١-حفيظة شقير، دليل المشاركة السياسية للنساء العربيات، المعهد العربي لحقوق الانسان، تونس،2004.
٢-محمودمحمد علی، أنجيلا ميركل... هل آن الآوان للمغادرة، جامعة اسيوط، القاهرة، ٢٠٢١.

٣- طارق جامباز-نهلة محمد سعدالله، شذرات من واقع المرأة الكوردستانية خلال الاعوام(١٩٩٢-٢٠٠٩)-كوردستان العراق انموذجا، ط٥، طبعة شهاب، اربيل،٢٠٠٩،ص٩٥.

ثانيا:اطروحةالدكتوراه

١-اردلآن حمه امين رشيد الزرداوي، نشأة وعلاقة الحزب الديمقراطي الكردستاني مع الحكومات والاحزاب السياسية العراقية للمده من 1946لغاية ٢٠٠٣، أطروحة الدكتوراه، قسم العلوم السياسية، جامعة سانت كليمنتس العالمية،٢٠١٢.

٢-شيماء محمد أبو النور الحديدى، معوقات المشاركة السياسية للمرأة، أطروحة الدكتوراه، كلية الحقوق، قسم القانون العام،جامعة المنصورة، ٢٠٢٢.

ثالثا:الرسائل الماجستير

حريزي زكرياء، المشاركة السياسية للمراة العربية ودورها في محاولة تكريس الديمقراطية التشاركية-الجزائر نموذجا-، رسالة الماجستير،قسم العلوم السياسية، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة الحاج لخضر،2010-2011.

رابعا: المجلات

١- أحمد ابراهيم -على بن طاهر، مفهوم الأحزاب السياسية ودورها فى عملية رسم السياسة العامة، مجلة ابحاث، المجلد٦،العدد٢، ٢٠٢١.

٢-بكر بن محمد بن بكر عابد، الدور القيادي للمرأة وأثره في تعزيز مفهوم الحكمة والوسطية في ضوء القرآن الكريم، المجلة العلمية لكلية القرآن الكريم للقراءات وعلومها بطنطا، العدد الثامن، جامعة الازهر، ٢٠٢٢.

٣-حميد عبدالله صالح، المعوقات تمكين المرأة في اقليم كوردستان العراق بمنظور الجغرافية السياسية، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، المجلد ٣١، العدد٢، العراق، ٢٠٢٤.

٤-فخرية على أمين، دور المرأة الكردية السياسى فى المجتمع من١٩٧٠-٢٠٠٣(خانقين انموذجا)، گۆڤارى زانكۆى گەرميان، كۆنفرانسى خانەقين، خول،٣، ٢٠١٧.

خامسا:المواقع الاليكترونية

١- تعرف على دور المرأة القيادي في المجتمع، موقع جمعية تنمية الفتاة بحلي ، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٢/٢٨:

https://fatahhali.sa/blogs/%D%8AF%D%88%9D%8B1%D%8A%7D%84%9D%85%9D%8B%1D%8A%3D%8A9-

٢-شهيرة سلوم، بنازير بوتو: امرأة تهواها السلطة، موقع الاخبار، تاريخ النشر١٧/تشرين الاول/٢٠٠٧، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٢/٢٨:

https://al-akhbar.com/International/182397

٣-مارغريت تاتشر،موقع الجزيرة نت، تاريخ النشر٢٤/٩/٢٠١٤، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٢/٢٨:

https://www.aljazeera.net/encyclopedia/24/9/2014/%D%85%9D%8A%7D%8B%1D%8BA%D%8B%1D8%9A%D%8AA-%D%8AA%D%8A%7D%8AA%D%8B%4D%8B1

٤-مارغريت تاتشر: "المرأة الحديدية" صاحبة المعجزات السياسية،موقع الحرة، تاريخ النشر٨/ابريل/٢٠١٣، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٢/٢٨:

https://www.alhurra.com/choice-alhurra/08/04/2013

٥-المرأة الأكثر نفوذاً عالمياً... كيف ستكون حياة ميركل بعد المستشارية؟، موقع الشرق الاوسط، تاريخ النشر٥/ديسمبر/٢٠٢١، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٢/٢٨:

https://aawsat.com/home/article/3343026

٦-نبذة عن هيلاري كلينتون، موقع BBC عربى، تاريخ النشر٣١/١٢/٢٠١٢، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٢/٢٨:

https://www.bbc.com/arabic/worldnews/121231/12/2012_clinton_profile

٧-جيمس د.بويز، صعود هيلارى، موقع الوطن، تاريخ النشر٢٠١٦/١١/٩، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٢/٢٨:
https://www.al-watan.com/article/37893/NEWS

٨-الحرب النائمة..صرّحت مارغريت تاتشر رئيس وزراء بريطانيا في أبريل عام 1982، حين انتزع الأرجنتينيون جزر "فوكلاند" بأن السؤال الوحيد ليس ما العمل، بل كيف نستعيدها، موقع RT، تاريخ النشر٢٠٢٣/٤/٣، تاريخ الزياره٢٠٢٥/٤/١٥:
https://arabic.rt.com/world/144887

-English sources

1-Hersey and Blanchard Management of Organizational Behavior: Utilizing Human Resources New Jersey: Prentice-Hall (1982), (Fourth Edition)

2- Griffin, R.W. Management Boston: Houghton Mifflin Company (2002).

3-Marshall, J. Women Managers: Travelers in a Male World Chichster: John Wiley and Sons Inc, 1984, p.43.

4-Harriman, A. Women/Men/Management Connecticut: Praeger Publishing,1985.

5-Kelley, R. M.; Hale, M. M.; & Burgess, J. Gender and managerial leadership styles: A comparison of Arizona public administrators. Women and Politics, 11, 1991.

6-Eagly Alice, Johnson Blair, Gender and Leadership Style: A Meta-Analysis, Purdue University, 1990.

7- Griffin, R.W. Management Boston: Houghton Mifflin Company (2002).

8-Jones Martinez Palacios , Igor Ahedo Gurrutxaga et al. , La participation entravée des femmes . Le cas des processus d'innovation démocratique au Pays Basque , In : De Boeck Supérieur| « Participations » , 2015/2 N° 12 , pages 31 à 56 , article disponible en ligne à l'adresse:
file:///C:/Users/lenovo/Downloads/la-participation-entravee-des-femmes-le-cas-des-processus-dinnovation-democratique-au-pays-basque.pdf

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# المرأة ومأزق القيادة

## (دور و مشاركة المرأة في العملية السياسية في اقليم كردستان العراق ) إنموذجا


| |
|---|
| هيفاء علي عبدالباقي |
| قسم النظام السياسي والعلوم السياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين- أربيل، إقليم كوردستان-العراق |
| البريد الالكتروني:hayfaa609@gmail.com |
| اسم الباحثين الآخرين: شمال حسين مصطفى |
| قسم النظام السياسي والعلوم السياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين- أربيل، إقليم كوردستان- العراق |
| البريد الالكتروني:shamal.mustafa@su.edu.krd |


**الملخص**

الغاية من هذا البحث الذي يحمل عنوان (المرأة و مأزق القيادة : دور و مشاركة المرأة في العملية السياسية في إقليم كردستان/العراق)، هي تحديد التحديات التي واجهت وتواجه شريحة النساء في العملية السياسية في إقليم كردستان العراق ما بعد 2005، حيث كانت هنالك وبالرغم من الحقوق لشرعية النساء في الأحزاب والتنظيمات السياسية، إلا أن المشهد السياسي والنظام الحكم تكاد تخلو من تواجه النقص النسائي في المراكز العليا في السلطة السياسية في إقليم كردستان، السؤال الجوهري الذي طرحتها البحث هي ماهي أبرز المعوقات التي حالت دون وصول المرأة إلى المراكز القيادية، افترضت الدراسة أن المجتمع الكردي، بالاضافة إلى هيمنة العقلية الأبوية، يواجه أيضاً عقبات سياسية واجتماعية وقانونية واقتصادية، وإعتمد البحث على منهجية التحليلية والمؤسسية والنظمية، وأخيراً توصلت البحث إلى عدة استنتاجات من أبرزها، في المناصب الحكومية العليا في إقليم كردستان لم تتمكن أي إمرأة من قيادة المؤسسات، وكما ينظر المجتمع الكردي إلى المرأة على أنها ضعيفة وغير قادرة على تولي أدوار القيادية.

**الكلمات المفتاحية:** المرأة، القيادة، العملية السياسية في إقليم كردستان العراق.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# Women and the Leadership Dilemma (Women's Role and Participation in the Political Process in the Kurdistan Region of Iraq) as a Model


| |
|---|
| **Hayfa Ali Abdulbaqi** |
| **Department, College, University, City, Country: Department of Political System and Political Science, College Political Science, Saladdin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region-Iraq** |
| **Email: hayfaa609@gmail.com** |
| **Shamal Husain Mustafa** |
| **Department, College, University, City, Country: Department of Political System and Political Science, College Political Science, Saladdin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region-Iraq** |
| **Email: shamal.mustafa@su.edu.krd** |


## ABSTRACT

**The purpose of this research, entitled "Women and the Leadership Dilemma: Women's Role and Participation in the Political Process in the Kurdistan Region of Iraq," is to identify the challenges women have faced and continue to face in the political process in the Kurdistan Region of Iraq since 2005. Despite women's legitimate rights to participate in political parties and organizations, the political landscape and the ruling regime are almost devoid of women in senior leadership positions in the region. The research poses a fundamental question: What are the most prominent obstacles that have prevented women from reaching leadership positions? The study hypothesized that Kurdish society, in addition to the dominance of a patriarchal mentality, also faces political, social, legal, and economic obstacles. The research relied on an analytical, institutional, and systems methodology. Finally, the research reached several conclusions, most notably that in senior government positions in the Kurdistan Region, no women have been able to lead institutions, and that Kurdish society views women as weak and incapable of assuming leadership roles.**

**Keywords: women, leadership, political process in the Kurdistan Region of Iraq.**